# هێزی پێشمەرگە پارێزەری باڵانسی نێوان هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان و هەژموونی هەرێمایەتی



سۆران سێوکانی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ساڵی ٢٠١٦ بەهەموو ناخۆشی و خۆشییەکانی (سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعش و گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان و قەیرانی ئابووری و ململانێی نێوان حزبە کوردستانییەکان)مان بەڕێکرد، بەهەمان شێوە لەساڵی ٢٠١٧دا پێشوازی لەکۆمەڵێك رووداو و گۆڕانکاری نوێ دەکەین، کە هەندێکی تەواوکەری شوێنەواری رووداوەکانی ساڵی رابردوون، هەندێکیشی گۆڕانکاریی نوێن، بەتایبەتی دەستبەکاربوونی ئیدارەی نوێی ئەمەریکاو بەهێزبوونی پێوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی فەرەنساو ئەوروپا.

بۆچوون و پێشبینییەکانمان بۆ ئەمساڵ هەرچۆنێك بێت، هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە بۆ گەلی کورد جیاواز دەبێت و ئەگەری گۆڕانکاریی نەوعی لەئارادایە، بەتایبەتی گەر بێتوو پێشبینی و داواکارییەکانی سەرۆك بارزانی لەناوخۆی کوردستاندا جێبەجێکرا. ئەوەی هاندەرو یارمەتیدەری باشبوونی دۆخەکەو رەوانەوەی زۆر لەهۆکارەکانی قەیرانە ئابوورییەکەیە، هەر لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و پێشهاتەکانی مانەوەی بەهای بەرمیلێك پترۆڵ لەنێوان ٥٠-٦٠ دۆلارو ئەگەری دانانی بنکەی سەربازی ئەمەریکا لە کوردستان و دوورکەوتنەوەی مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش، ئەم ئەگەرانە هەمووی تا رادەیەك دۆخە سەختەکەی قەیرانە ئابوورییەکەو شوێنەوارە مەترسیدارەکانی لەسەر خەڵك و هەرێمی کوردستان کەم دەکاتەوە، تەنانەت سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچەند بۆنەیەکدا ئاماژەی بەسووکبوونی قەرزەکان و کەمکردنەوەی خەرجییە گشتیەکان کردووە، تا دۆخی ئابووری بەرەو باشتر بڕوات، دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیش لەکوردستاندا بەرەو هێمن بوونەوە دەچێت.

بەدەر لەمە ئەو رەشبینییەی کە ئێستا هەمانە بەرامبەر ئەوەی لە سلێمانی دەگوزەرێت و قووڵبوونەوەی ململانێ حزبییەکانە کە زیانی گەورەی بۆ گەلی کورد دەبێت. گرفتەکە لەوەدایە کە خۆت بەدیلێکت نەبێت و بەو بەدیلانەش رازی نەبیت کە بەرامبەرەکەت پێشکەشی دەکات، بەردەوامبوونی ئەو ئاشوب و پشێوییە بێ هۆکارو بێدەست نییە، کۆمەڵێك هاوکێشەی دیکەی دەرەکی تێدایە بۆ پەرتەوازەبوونی یەکریزی و تەبایی نێوماڵی کورد، ئەوەتا چەکدارو پیاوانی هەواڵگری و دەزگا سیخوڕییەکانی وڵاتانی دەوروبەر بەئاسانی دێن و دەچن لەکوردستان و بەتایبەتی لەسلێمانی.

من پێموایە دەبێت حزبە کوردستانییەکان دەستبەرداری تێکشکاندن و پیلاندانان بن دژ بەیەکتر

بەتایبەتی لەنێوان هەردوو هێزی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو دوو هێزە سوود لەبەهێزی یەکتر وەردەگرن و بۆ راگرتنی بالانسی هاوسەنگییەکان و رێگە نەدان بەفشارو پاڵەپەستۆهێنان لەسەر هەرێمی کوردستان. هەروەها ئێستا لەسلێمانی لە غیابی ئەو هاوسەنگییە سیاسییەدا جۆرێك لەو پشێوییە دروست بووە کە ئێستا بەتایبەتی لەدەڤەری سلێمانی دەیبینین.

تەنیا گرفتێك لەبەردەم هەرێمی کوردستان کێشە نێودەوڵەتییەکان و هەژموونی هەرێمی وڵاتانی دراوسێیە لەسەر کوردستان کە رێگرە لەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەرەو چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان بچن، بەبەردەوام فشارو پاڵەپەستۆو هاندانیان هەیە بۆ ئەوەی چەند لایەنێك ئەجیندەی ئەوان لەکوردستان و عێراقدا جێبەجێ بکەن و یەکریزی نێوماڵی کورد دروست نەبێت، ئەو وڵاتانە پێویستیان بەوە نییە لە رووی سەربازییەوە زیان بەهەرێمی کوردستان بگەیەنن، ئەوان تەنیا بەهەژموونی سیاسیی خۆیان و تێکدانی نێوماڵی کورد ئەجندەکانیان جێبەجێ دەبێت.

بەڵام ئومێدم زۆرە دوای سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە، سەرکردایەتی سیاسی و سەربازی رێگە نەدەن بەو ئەجندە دەرەکییانە لەهەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت و پاڵپشتی هەوڵەکانی سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی و سەربازی کوردستان بکەن، بەتایبەتی دوای ئەو قوربانییە گەورەیەی کە هێزی پێشمەرگە بۆ بەرگریکردن لەکوردستان و گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان داویەتی و خۆی لە زیاتر لە ١٥٠٠ شەهید و سەدان بریندار دەبینێتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەو ناوبانگی و دەستکەوتەی کە ئێستا لەناوەندە جیهانییەکان بەدەستی هێناوە.

یەکێکی دیکە لەو ئەجیندە دەرەکییانە، بوونی PKKیە لەشنگال و زۆر ناوچەی تری کوردستان کە دەرئەنجامەکەی لەژێر فشاری هێزی پێشمەرگە دەبێت چەکدارانی پەکەکە لەشنگال بکشێنێتەوە بۆ قەندیل و هەندێك شوێنی دیکە، ئومێدەوارم پەکەکە چیدیکە بەو عەقڵییەتە کار نەکات کە زیاتر زیان بەخەبات و کاروچالاکیی خۆی بگەیەنێت، چونکە وابەستەیی بەهەژموونی وڵاتانی دراوسێ هیچ سوودێکی بۆی نابێت، ئەوەی ئێستاش دەیکات تەنیا کاولکردنی کوردستانی باکوور و لێکهەڵوەشانی هەموو جومگەکانی ئەو ناوچەیە بووە، وابزانم هەر لەسەرەتاشەوە ئەمەی ویست تاوەکو سەلاحەدین دەمیرتاش بەهێز نەبێت و باڵی عەسکەری بەزاڵی بمێنێتەوە.

مەسەلەی (ئازادکردن، یا وێرانکردن)ی موسڵ خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرێت، چونکە تا ئێستا تەنیا پرۆسەی سەربازی بەرێوەدەچێت و وردەکاری و ئەگەرو ئەجیندەکانی دوای پرۆسەکە دیار نییە، کە دەرئەنجام ئازادکردنە، یا وێرانکردنە کە هەرگیز بڕواناکەم حەشدی شەعبی وا بەئاسانی واز لەدەستکەوتی زیاتر بهێنن، بەتایبەتی هەڵوێستی ئەو گروپە چەکدارانە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و ئەزموونەکەی دیارو لەبەرچاوە، ئەوان گەرچی ململانێیەکی قووڵیان لەنێواندا هەیە، بەڵام لەمەسەلەی دژایەتیکردنی کوردستان لە رێگەی حەشدی شەعبییەوە کۆدەنگییەك هەیە، تەنانەت لەناو حزبی دەعوەشدا لەنێوان لایەنگیرانی عەبادی و مالیکی ململانێ هەیە، مالیکی خەون بەکورسییەکەی عەبادی دەبینێت و بەو ئاراستەیە کار دەکات، بەڵام هەروەکو شیعەکان خۆشیان باسی دەکەن، مالیکی بووەتە کارتێکی سووتاو زەحمەتە جارێکی دی بەرز ببێتەوە، تەنانەت مەرجەعیەت بەهەموو شێوەیەك رەتی کردەوە کە پێشوازی لەهاوپەیمانێتی نیشتمانی بکات، بگرە سیستانی زۆر نارازییە لەسیاسییەکان و لێیان تووڕەیە لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا سیاسەت لەعێراقدا لەلوتکەی شکستدایە و نەیتوانیوە ببێتە رەزامەندی گەلانی عێراق.

حەشدی شەعبی کە ئێستا پێیان دەوترێت حەشدی موقەدەس و تەقدیسێکی ئایینی و مەزهەبییان داوەتێ کە پارێزەری (حوسێن و عەلی)ن ئارەزووی سەرکەوتنیان بینیوەو چێژ لەپەلاماردانی زیاتر وەردەگرن و پاڵپشتی ئایینی و جەماوەری شیعەو هەژموونی عێراقیان لەگەڵدایە، بەتایبەتی ئارەزووکردنیان بۆ کشانیان بەرەو ناوچە کوردستانییەکان لە دەشتی نەینەواو پارێزگای کەرکووك و گەرمیان، کە ئەمە مەترسیی کەوتنەوەی گرژی و ئاڵۆزی لەو ناوچانەدا لێدەکەوێتەوە. حەشدی شەعبی ئەگەر هێزی هاوپەیمانان نەبێت، وا بەئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێن و تەنانەت نەك تەنیا تەماعیان لەپارێزگای کەرکووك و موسڵ هەیە، بگرە تەماعیان لەهەولێریش هەیە، ئەوان واچووەتە بیریان عێراق هەمووی یەك عێراقەو پێویستە داگیری بکەنەوە، ئەوەتا

**تەنانەت سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچەند بۆنەیەکدا ئاماژەی بەسووکبوونی قەرزەکان و کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان کردووە، تا دۆخی ئابووری بەرەو باشتر بڕوات، دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیش لەکوردستاندا بەرەو هێمن بوونەوە دەچێت**

**ئومێدەوارم پەکەکە چیدیکە بەو عەقڵییەتە کار نەکات کە زیاتر زیان بەخەبات و کاروچالاکیی خۆی بگەیەنێت، چونکە وابەستەیی بەهەژموونی وڵاتانی دراوسێ هیچ سوودێکی بۆی نابێت**

مالیکی بەئاشکراو نایشارێتەوە هەڕەشە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان دەکات، ئەوەی لەو نییەت و مەبەستانە تێناگات، ئێمەین لە کوردستان یا نامانەوێت تێبگەین! سەیر لەوەیە ئەو پەرلەمانتارانەی کە لەبەغدا بەبۆچوونی کاڵفامانەی خۆیان پێوەندییان لەگەڵ مالیکی هەیە، هێشتا باسی گەڕانەوە بۆ بەغدا دەکەن، هەرچەندە ئەوان باش ئاگاداری عەقڵییەت و خواستی ئەوانن، هەربۆیە گەڕانەوە یا نەگەڕانەوە بۆ بەغدا بەهیچ شێوەیەك پێوەندی بەبەرژەوەندیی تاکی کورد، یا مووچەخۆرانەوە نییە، ئەمە هەمووی گاڵتەجاڕی سیاسییەکان و پەرلەمانتارانەو لەچوارچێوەی ململانێیەکی حزبیدایەو هێزەکان دژ بەیەکتر ئەنجامی دەدەن. لەلایەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت کوردستان سەربەخۆ بێت، لەولاشەوە بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیش تا رادەیەك دەیانەوێت وەکو مونافەسەیەکی هەیمەنەی پارتی لەکوردستاندا گەمەو فشارێك دەست پێ دەکەن.

دەرئەنجام بۆچوونەکان هەرچۆنێك بن بۆ خەڵکی کوردستان و مووچەخۆران هیچ گۆڕانکاری و دەستکەوتێکی تێدا نەبوو، هەمووان بەدەستی خاڵی دەرچوون، چونکە لەسایکۆلۆژییەتی تاکی عەرەبی و شیعەدا ئەوەیە بەهیچ شێوەیەك قبووڵی ئەوە ناکەن بەدەستی خۆیان کوردستانێکی ئاوەدان و خۆشگوزەران دروست بکەن، جوانترین نموونەش بڕینی بودجە بەهیچ شێوەیەك پێوەندی بەناردنە دەرەوەی نەوت نەبوو، ئەو کاتەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن مالیکی بڕدرا لەکوردستانەوە ٥٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕەوانەی دەرەوە نەدەکرا، شیعەو حزبەکانی عێراق کوردستانێکی وێران و ناسەقامگیریان دەوێت نەك بووژاوە، لەم بۆچوونە بترازێت خۆدزینەوەو خۆخەڵەتاندن و گەمەی سیاسی و فریودانی خەڵکییە.

لەناو ئەم مەترسییانەو پێشبینییانە بوونی هێزی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکان دڵنیاییەکی گەورەیە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر هێزی پێشمەرگەو هاوپەیمانەکان نەبوایە هەرزوو هەژموونی هەرێمی و عەقڵییەتی شەڕانگێزی عێراق زیانی بەخەڵکی کوردستان دەگەیاند، مانەوەو بەهێزکردنی ئەو دڵنیاییە کارێکی باشەو ئاسانیش نییە، چونکە زۆر جار هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان توانای هاوکێشە هەرێمییەکانی نییە، کە زۆر فشاری وا دەکرێت هاوکێشە دەرەکییەکان تێکبدرێت، هەرچەندە بوونی هێزی پێشمەرگە بەو یەکڕیزییەی ئێستاو هێزی دیپلۆماسی هەروەکو چۆن لەهاتنی ئەمجارەی فرانسوا ئۆلاند بۆ کوردستان روویدا، یەکێکە لەهەنگاوە گەورەکان و دانپێدانانێکە بەوەی کوردستان تەنیا هەرێمێك نییە لەعێراق، بەڵکو خاوەنی سیادەو دەسەڵاتەو بەرەو سەربەخۆیی دەچێت، لەم روانگەیەشەوە هاتنەکەی ئۆلاند لە روانگەی دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتییەوە واتا کوردستان کیانێکی سەربەخۆیە و جارێکی دی عێراق ناتوانێت پەلاماری بدات.

لەلایەکی ترەوە ناتوانرێت هیچ شیکارییەکی سیاسی و ئابووری بۆ دۆخی داهاتووی هەرێمی کوردستان بکرێت، بێ ئەوەی ئاماژە بەئیدارەی نوێی ئەمەریکاو حزبی کۆماری و ترامپ بەتایبەتی بکرێت، چونکە کۆمارییەکان بەگشتی حزبێکی توندن و سیاسەتی دەرەکی وەکو جوزیف نای دەڵێت لە ڕێگەی هێزی رەقەوە مامەڵە دەکەن، بەهاوشێوەی جۆرج بۆش و بۆشی باوکیش، ئەمەش بەپێچەوانەی حزبی دیموکراتەکانە کە مامەڵە لەگەڵ دۆخە نێودەوڵەتییەکە لەڕێگەی هێزی نەرمەوە دەکەن. ترامپ ئەگەر لەهاوشێوەی جۆر بۆش و بۆشی باوك ڕەقتر نەبێت، ئەوا نەرمتر نییە، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بەهەژموونی ئێرانەوە هەیە لەعێراق، بەڵکو کاری سەرەکیی ترەمپ و ئیدارەی نوێی ئەمەریکا بڕینی هەژموونی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لەعێراق و ناوچەکەدا ئەمەش بەبێ بوونی بنکەی سەربازی ئەمەریکا جێبەجێ ناکرێت. بەو ئومێدەی بنکەیەکی گەورەی سەربازیش لەکوردستاندا دروست بکات، ئەمەش زۆر ڕێی تێدەچێت، چونکە ئێستا تورکیای ئەمەریکا گومانی کەوتۆتە سەر دوای ئەوەی مامەڵەو پێوەندی لەگەڵ رووسیا هەیە، تەنانەت ئەمە کاریگەری لەسەر هێزی ئەمەریکا لە بنکەی ئالجەرلیك هەیە، بوونی ئەو بنکە سەربازییە لەکوردستاندا پێگەی ئەمەریکا لەناوچەکە بەهێز دەکات و وڵاتی تورکیا دەگەڕێنێتەوە ناو جەمسەرگیری ئەمەریکا بەوەی وا لەتورکیا دەکات کە ترسی لەبوونی بەدیل و ئۆپشنی نوێی هەبێت کە کوردستانە. بەمشێوەیە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان هەرچۆنێك بێت دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئاوڕێکیش بۆ هەژموونی وڵاتانی دراوسێ بداتەوەو ئاگاداری خاڵە بەهێزو لاوازەکانی خۆی بێت.

**مالیکی خەون بەکورسییەکەی عەبادی دەبینێت و بەو ئاراستەیە کار دەکات، بەڵام هەروەکو شیعەکان خۆشیان باسی دەکەن، مالیکی بووەتە کارتێکی سووتاو زەحمەتە جارێکی دی بەرز ببێتەوە**

**کاری سەرەکیی ترامپ و ئیدارەی نوێی ئەمەریکا بڕینی هەژموونی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لەعێراق و ناوچەکەدا ئەمەش بەبێ بوونی بنکەی سەربازی ئەمەریکا جێبەجێ ناکرێت**

# کوردستان لە شەڕی تێکشکاندنی داعشەوە بۆ بردنەوەی گرەوی دیپلۆماسییەت



پ.د. ناسیح غەفوور

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**• کورد و فەڕەنسا، پێوەندییەکی دۆستانە**

پێوەندیی نێوان کوردو گەلی فەرەنسا لەنیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە سەریهەڵداوەو بەردەوام لە هەڵکشان و گەشەکردندا بووە، ئەوە بوو لەسەردەمی فرانسوا میتران گەیشتە لوتکە کاتێك فەرەنسا پشتگیریی تەواوی لە داخوازییەکانی گەلی کورد کرد. ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەوەدا بووە کورد وەکو نەتەوەیەکی گرنگ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە مافە رەواکانی خۆی بگات. لەکارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا فەرەنسا بوو دەنگی کوردی گەیاندە نێوەندە نێودەوڵەتییەکان و پشتگیریشی لە ئیدانەکردنی کیمیابارانکردن و کۆمەڵکوژی گەلی کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا کرد، هەروەها فەرەنسا لەسەردەمی (مەدام میتران و فرانسوا میتران)دا رۆڵی سەرەکی هەبوو لەگەیاندنی دەنگی گەلی کوردستان بە وڵاتە زلهێزەکانی دیکەی دنیا. لەساڵی ١٩٩١ لەکاتی راپەڕینەکەو کۆڕەوەکەشدا دیسانەوە بە پاڵپشتی و پشتگیری فەرەنسا بوو بڕیاری ٦٨٨ لە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو. سەرۆك فرانسوا ئۆلاند-یش درێژەپێدەری سیاسەتی پشتگیریکردنی گەلی کوردە، تەوقیتی هەردوو سەردانەکەی سەرۆکی فەرەنساش جێگای بایەخە، یەکەمجار لە٢٠١٤داو لە سەروەختی هێرشی داعشدا بوو دژ بەگەلی کوردستان و ئەمجارەش وەکو هەرێمێکی خاوەن دەسەڵات و سەربەخۆ هەروەکو چۆن خۆی ئاماژەی پێدا کە سەردانەکەی بۆ ئەوە بوو لەنزیکەوە سوپاسی پێشمەرگە بکات و لەنزیکەوە لە بارودۆخی هەرێمی کوردستان ئاگادار بێت. فەرەنسایەك کە لەساڵی ١٩١٦دا لەگەڵ بەریتانیادا داڕێژەری سایکس پیکۆ بوو، ئێستاکە هەر ئەو فەرەنسایەیە دەیەوێت سایکس پیکۆ بگۆڕێت بۆ پەیمانێکی دیکەو پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان بکات، بەتایبەتی لەئێستادا کە بوار رەخساوە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەو سەربەخۆییەی کە نابێت ئێمە چاوەڕوانی ئەوان بکەین، دەبێت سەرەتا ئێمە سەربەخۆیی رابگەیەنین، ئەو کات فەرەنسا کە یەکێکە لە دەوڵەتە گەورەکانی دنیا پشتگیری و پاڵپشتیمان دەکات.

### ● سەردانێکی پایەبڵند و پێشوازییەکی بێ پێشینە

ئۆلاند لەم سەردانەیدا کە بەرەو سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە دەڕۆیشت و دیمەنی ناوچە ئازادکراوەکانی دەبینی، ئاماژەی بەوەدا (ئەم ناوچانە بە خوێنی پێشمەرگە ئازادکراون.) ئەو هەمان قسەکانی جەنابی سەرۆك و پێشمەرگەکان دەڵێتەوە. کەواتە ڕۆڵی فەرەنسا وەك ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە و مافی ڤیتۆی هەیە، ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لەپشتگیریکردنی داخوازییەکانی، بەتایبەتی دوای ئەوەی بە راشکاوانە دەڵێت ئامادەین پشتگیری پێشمەرگە بکەین، چونکە هێزێکی رزگارکەرەو توانیویەتی داعش تێکبشکێنێت و لەبری جیهان شەڕ دەکات و ڕێزێکی تایبەتی بەرامبەر پێشمەرگەو گەلی کورد هەیە، ئێمەش دڵسۆزین بەرامبەر ئەو کەسایەتییانەی پشتگیری لە ئاوات و ئامانج و داخوازییەکانمان دەکەن، بۆیە ئەو پێشوازییەی لە ئۆلاند کرا، یەکەمینجارە لە مێژووی دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتی و پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسیی جیهانیدا ڕوودەدات، کە دەتوانرێت ناوی لێ بنرێت پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسیی کوردی لە پێشوازیکردنی میوانە بەرێزەکان کە جگە لە جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرکردەکانی دیکەمان، دایکی سێ شەهیدی پێشمەرگە و کوڕی شەهیدی ڕێگەی رزگاریی کوردستان و شەڕی دژ بە تیرۆر پێشوازی لە سەرۆکی فەرەنسا دەکەن، دواتر پێشمەرگەو خەڵکی سڤیل پێشوازی لێ دەکات. لە پرۆتۆکۆلی دیپلۆماسیدا ئەمە پێشتر رووی نەداوە، هەر بۆیە ئێمەش وەکو کورد توانیمان سوپاس و تەواوی مافی ئەوە بدەین بەو سەرۆك و وڵاتەی کە بەمشێوەیە پشتگیری لەگەلی کوردستان دەکات، چونکە هاتنی پشتگیرییەکی زۆر گەورەیە بۆ ئێمە. هەروەها سەرۆکی فەرەنسا ئاماژەی بەو دۆخە سەختە کردو ئامادەیی نیشاندا کە فەرەنسا هاوکار دەبێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری، ئەمەش واتە تەنیا هاوکاری سەربازی بۆ پێشمەرگە دەستەبەر ناکەن، بەڵکو هاوکاری داراییشمان دەکەن. ئۆلاند دەڵێت: ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی پێوەندییەکانمان پتەو بکەین، نەك تەنیا پێوەندیی سەربازی و ئابووری، بەڵکو پێوەندی سیاسیش، ئەم خاڵە زۆر گرنگەو بۆ یەکەمینجارە سەرکردەیەکی وڵاتێکی زلهێزی جیهانی (سەرۆك کۆماری فەرەنسا) گوزارشت لە خواستی پتەوکردنی پێوەندی سیاسی بکات.

**سەرۆک بارزانی لەسەر ڕێبازێکی دروستەو بەئەمانەت و ڕاستگۆییەوە هەڵسوکەوت دەکات، بۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی متمانە و ڕێزێکی گەورەی بەدەستهێناوە**

### ● بارزانی وەك سەرۆکێکی دووربین و خاوەن ڕوئیا

لە ڕاستیدا ناکرێت لەم میانەدا ڕۆڵی سەرۆك بارزانی باس نەکەین، چونکە سەرۆك بارزانی ڕۆڵی باڵای لەم دیپلۆماسییەتە سەرکەوتووەدا هەیە. من پێموایە سەرۆك بارزانی لەسەر ڕێبازێکی دروستەو بەئەمانەت و ڕاستگۆییەوە هەڵسوکەوت دەکات، بۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی متمانە و ڕێزێکی گەورەی بەدەستهێناوەو، هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و هەموو هێزە سیاسییەکانی ناوخۆش ئەو راستییە دەزانن کە سەرۆك بارزانی نوێنەری راستەقینەی کوردە، نوێنەری راستەقینەی هەموو نەتەوەو ئایین و پێکهاتەکانی کوردستانە بەبێ جیاوازی، راستە سەرۆك بارزانی کوردەو مافی کوردی بەلاوە گرنگە، بەڵام بە هەمان ڕادە بەپەرۆشە بۆ جێبەجێکردنی مافی کەمایەتییەکانی دیکە، خەڵك سەیری ئەمە دەکات و پێشوازی لەبیرو ئامانج و راستگۆیی و خەمخۆری ئەو سەرکردەیە دەکەن، پێشوازی لە سەرۆکێك دەکەن کە روئیای بۆ مافی چارەنووس و داهاتووی گەلەکەی هەیە، گەیشتن بەسەربەخۆیی کوردستان روئیای دەوێت و لەئێستادا ئێمە پێداگیریی لەسەر سەربەخۆیی یا کۆنفیدراڵی دەکەین. هەموو وڵاتانی جیهانیش ئەو ڕاستییە دەزانن کە سەرۆك بارزانی روئیایەکی روونی هەیە. لەلایەکی دیکەوە سەرۆك بارزانی کار و کۆشش دەکات بۆ ئەوەی زەمینە بڕەخسێنێت بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانمان. سوپاس بۆ خوا لە ئێستادا ژینگەیەکی لەبار هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی سەقامگیری و ئارامییەوە کە پێشمەرگە نەبەردەکانی کوردستان بە فەرماندەیی سەرۆك بارزانی بوونە هێزێکی نێودەوڵەتی و خاوەن دەسەڵات، ئەوان سەلماندیان کە هێزو سوپایەکی نیزامی و نەبەردن و بەدڵ و گیان لەپێناو گەیشتن بەمافە رەواکانی گەلی کورد خەبات و گیانفیدایی دەکەن. شەهیدبوونی ١٥٠٠ پێشمەرگە لەخۆڕا نییەو مەغزایەکی

**گوناهێکی گەورەیە دەرهەق بە خوێنی شەهیدان و قوربانییەکانی پێشمەرگەو خەباتی مێژووییمان دەستبەرداری سەربەخۆیی بین و بەئاسانی بچینەوە ناو باوەشی حکومەتێکی شکستخواردووی مەزهەبی و داڕماو**

**تێکەڵکردنی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان گەلی کوردستان و گەلانی جیهان خاڵی بەهێز بوو بۆ ئەوەی جارێکی دی گەلی کوردستان کۆمەڵکوژو سەرکوت نەکرێت**

گەورەی هەیەو لەدەسەڵاتی کەسدا نییە گەمە بە خوێنی شەهیدان بکات و لەمافە ڕەواکانی گەلی کورد بەرامبەر بەغداو ناوچەکەو جیهان پاشەکشەو سازش بکات. هەروەها ئەوە ڕوئیای بارزانی-یە کە وادەکات لەناو بەرژەوەندییە ئیقلیمی و جیهانییەکاندا خوێنی شەهیدان بەفیڕۆ نەچێت و ئەو ئامانجەی لەپێناویدا گیانیان بەخت کرد، بەرهەمی هەبێت. جەنابی بارزانی دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ وڵاتان بکات و دەزانێت کوردستان پێویستی بە پشتگیری هەموو وڵاتان هەیە، بەتایبەتی وڵاتانی زلهێز. سەرۆك بارزانی تەنیا پێوەندی کوردستانی لەگەڵ ئەمەریکاو وڵاتانی هاوپەیمانان بەهێز نەکردووە، بگرە لەگەڵ ڕووسیاو چین و وڵاتانی دیکەش پێوەندیی باشی هەیەو لایەنی ئیقلیمیشی فەرامۆش نەکردووەو ڕێز لە دراوسێتی و ئەو نەتەوانەی دەوروبەریشمان دەگرێت. بۆیە سەرۆك بارزانی ڕۆڵی سەرەکی و ڕاستەوخۆی لە ڕاگرتنی باڵانسی پێوەندییە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکاندا هەیە.

**● تێکەڵێکردنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکان وەك ستراتیژیەتێکی سەرکەوتووی دیکەی سەرۆك بارزانی**

لە ڕاستیدا کە یاسای وەبەرهێنان دەرچوو، ئیمتیازو ئاسانکاریی گەورەی تێدا بوو، کە زۆرجار بووە جێی ڕەخنەی ئابووریناسان، بەڵام ئەمە دووربینی و ئایندەبینییەکی تێدا بوو، ئەوەش لەوەدا بەرجەستە بوو کە کاتێك داعش ڕووی لە مەخموور کرد و لەهەولێر نزیك بووەوە، پایتەختەکانی جیهان هاتنە وەڵام لەپێش هەمووشیانەوە ئەو وڵاتانەی کۆمپانیاو وەبەرهێنانیان لەکوردستان هەبوو. ئەمەریکا بە هەموو هێزیەوە هاتە ناو مەسەلەکەوە، ئەمەش هەمووی ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی سەرۆك بارزانی-یە کە لەسەر ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی بونیادنراوە. تێکەڵکردنی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان گەلی کوردستان و گەلانی جیهان خاڵی بەهێز بوو بۆ ئەوەی جارێکی دی گەلی کوردستان کۆمەڵکوژو سەرکوت نەکرێت. ئەوەتا گەورە کۆمپانیاکانی جیهان تەنیا سوودمەند نین لەکوردستان، بەڵکو ڕۆڵیان هەیە لە بووژانەوەی کوردستان و بگرە دروستبوونی بەرژەوەندییەکانیان وا دەکات، گەورەترین هێزە سەربازییەکانی جیهان پارێزگاری لە کوردستان بکەن.

**● ناکرێت چیتر چارەنووسمان بە دەوڵەتێکی شکستخواردووەوە گرێ بدەین**

ئێمە هەر لە ساڵی ٢٠٠٣وە هەوڵماندا عێراق ببێتە عێراقێکی فیدراڵی و کوردو عەرەب وڵاتێك دروست بکەن و شەریك بین، بەڵام ڕێگریمان لێکراو بینیمان کە پێکهاتەی شیعە پاشەکشەیان لە بەڵێنەکانیان کرد، ئێستاش ئەوەتا شیعە بیر لەوە دەکاتەوە تۆڵەی ١٠٠٠ ساڵ لە سوننە بکاتەوەو تەنانەت بەچاوی سوننەش سەیری کورد دەکەن، واتە بیرکردنەوەی شۆڤێنیێتی بەعس بەشێوازی دیکە دووبارە دەبێتەوە. هەربۆیە من پێموانییە بەو عەقڵییەتەی ئێستا عێراقی پێ بەڕێوەدەچێت، بتوانین بە ئاشتی بگەینە دەرئەنجامێك. ئەوەتا هەڕەشەکانی مالیکی و دەست و تاقمەکەی باشترین بەڵگەیە بۆ قسەکانم، ئەم عێراقەش چارەنووسی هەر گەڕانەوەیە بۆ دۆخی سروشتی خۆی کە بە زەبری هێزو پێشێلکردنی مافی گەلی کورد دروست بووە، تەنانەت ئەمڕۆ سوننەکانیش بەم دۆخە ڕازی نین، هەربۆیە باشترین چارەسەر بۆ کوردو عەرەبی سوننەو شیعە جیابوونەوە و یەکگرتنەوەیە لەناو دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی وەکو قۆناغێك بۆ پێکەوەژیان و قۆناغی داهاتوو. چونکە عەرەبی عێراقی ئەو ڕاستییە باش دەزانێت کە کورد بەئاسانی دەستبەرداری ئەو هەموو شەهید و قوربانییە نابێت کە لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان و ئاڵاکەماندا داومانە. من پێموایە گوناهێکی گەورەیە دەرهەق بە خوێنی شەهیدان و قوربانییەکانی پێشمەرگەو خەباتی مێژووییمان دەستبەرداری سەربەخۆیی بین و بەئاسانی بچینەوە ناو باوەشی حکومەتێکی شکستخواردووی مەزهەبی و داڕماو، هەربۆیە لایەنە کوردییەکانیش کە دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ باوەشی عێراق هەندێکیان پاشگەزبوونەوە تا ئەو ڕادەیەی لەناو سەرکردەو کادیرەکانیاندا گەڕانەوە بۆ بەغدا بە خیانەتێکی گەورە ناو دەبەن.

---

*شارەزا لەیاساو پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان

**راستە سەرۆک بارزانی کوردەو مافی کوردی بەلاوە گرنگە، بەڵام بە هەمان ڕادە بەپەرۆشە بۆ جێبەجێکردنی مافی کەمایەتیەکانی دیکە، خەڵک سەیری ئەمە دەکات و پێشوازی لەبیرو ئامانج و ڕاستگۆیی و خەمخۆری ئەو سەرکردەیە دەکەن**

**لەکارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا فەرەنسا بوو دەنگی کوردی گەیاندە نێوەندە نێودەوڵەتییەکان و پشتگیریشی لە ئیدانەکردنی کیمیابارانکردن و کۆمەڵکوژیی گەلی کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا کرد**

**سەرۆکی فەرەنسا ئاماژەی بەو دۆخە سەختە کردو ئامادەیی نیشاندا کە فەرەنسا هاوکار دەبێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری، ئەمەش واتە تەنیا هاوکاری سەربازی بۆ پێشمەرگە دەستەبەر ناکەن، بەڵکو هاوکاری داراییشمان دەکەن**

# هاتنی دۆناڵد ترەمپ و کاریگەرییەکانی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان و هەرێمی کوردستان



هێمن هەورامی*

بۆ گوڵانی نووسیوە

خوێندنەوە بۆ دیدوبۆچوونی دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆکی کاندیدکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەفەرمی لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا، بۆیە هەموو دیدوبۆچوونەکان مایەی ئەوەن ئاڵۆگۆڕیان بەسەردا بێت، هەربۆیە لێرەوە کاتێك خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەکەین، پێویستە لەسەر شەش تەوەری سەرەکی قسە بکەین:

**● ١- دۆکترینەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چین؟**

بۆ ئەوەی بزانین دۆکترینی ترەمپ بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەر بەکام دۆکترینی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە، ئەوە پێش هەموو شت دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو پێناسەی کە لە ناو ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هاتووەو دەڵێت: «ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دروستکردن و پاراستنی بەردەوام و بەردەوامیی جیهانێکی ئارام و سەقامگیرە، بە رێگەی هێنانە کایەی کەشوهەوایەکی گەشەسەندوو بە قازانجی گەلی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.» دیارە بەپێی دەستووری ئەمریکاش کە دەسەڵاتێکی فراوانی داوە



بە سەرۆك، ئەوا سەرۆكی ئەمریكا دەسەڵاتێكی فراوانی لە دروستكردن و ئاراستەكردنی سیاسەتی دەرەوەدا هەیە.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا دۆكترینەكانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لەسەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی دیكە گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ ئەو باكگراوەندەو بۆ ئەوەی بزانین بە درێژایی مێژووی ئەمریكا تا دەگاتە دۆناڵد ترەمپ، چاو بەو دۆكترینانەدا بخشێنینەوە و بەمجۆرە پۆلێنیان دەكەین:

● لە دروستبوونی دەوڵەتی ئەمریكاوە هەتا پێش جەنگی یەكەمی جیهانی، یەكێك لە دۆكترینە هەرە ناسراوەكانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا، دۆكترینی (مۆنرۆیە) بووە كە ئەمەش ئاماژەیە بۆ یەكێك لە سەرۆكەكانی ئەمریكاو ئەم دۆكترینە لەسەر ئەم بنەمایە بونیادنراوە: (پێویستە هەردوو كیشوەری ئەمریكای باكوور و باشوور لە دەستتێوەردانی دەرەكی بپارێزرێت.) ئەم دۆكترینە هەتا پێش جەنگی یەكەمی جیهانی سەرەكیترین دۆكترینی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا بووە.

● لە جەنگی یەكەمی جیهانی و پاش تەواوبوونی جەنگ، دوای ئەوەی وۆردرۆ ویلسن ١٤ خاڵە بەناوبانگەكەی راگەیاند، ئیدی دۆكترینی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا گۆڕانكاری بەسەردا دێت، ئەوەشی ئەو ١٤ خاڵە ئاماژەی پێكردووە، ئەوەیە كە ئەمریكا زیاتر باڵادەست بێت لەجیهاندا بۆ ئەوەی بتوانرێت ئاشتی زیاتر بەدی بهێندرێت.

● لەپێش كۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و دوای كۆتایی هاتنی جەنگەكەش، دۆكترینی ترۆمان دێت، ئەم دۆكترینە بریتی بووە لەوەی چۆن رێگە لەبەرفراوانبوونی مەدی كۆمۆنیست دەگیرێت، بۆیە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە ئەمە سەرەكیترین دۆكترینی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا بووە.

● كۆتایی حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكانی سەدەی رابردوو، دۆكترینی جیمی كارتەر دێت، لەم دۆكترینەدا جگە لە رێگرتن لە فراوانبوونی مەدی كۆمۆنیست، پاراستنی ئاسایشی ناوچەی كەنداوی فارس وەك بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا لە قەڵەم دراوە.

● لە دوای دۆكترینی كارتەر، دۆكترینی ریگن

**خۆشبەختانە ئێستا هەرێمی کوردستان لەبەردەم وەرچەرخانێکی وەبەرهێنانی گەورەدایە لە بواری گازی سروشتی بۆ ئەوەی بتوانرێت ئاسایشی وزەی تورکیاو ئەوروپا، تا رادەیەک لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دابین بکرێت، بەمەش بالآنسی هێز لە نێوان ئەمریکا و رووسیا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست دەبێت**

**پێش هەموو شت بازرگانی پێویستی بە سەقامگیرییە، کەواتە سەقامگیری یەکێکە لە ئامانجە ستراتیژییەکان، بەلام لێرەدا مەبەست لەسەقامگیری، سەقامگیریی رەها نییە، بەڵکو پرسیار ئەوەیە ئایا فاکتەرەکانی سەقامگیری چین؟ هاوپەیمانەکانی سەقامگیری کێن؟ خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان بەشێکە لەئامرازو کاراکتەرو گەمەکاری سەقامگیری لە ناوچەکە و جیهانیشدا**

دێت، بەپێی ئەم دۆکترینە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بریتی دەبێت لەهاوکاری نهێنی و ئاشکرا بۆ رێگرتن لەمەدی کۆمۆنیست، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر پێشتر ئەمریکا بە نهێنی هاوکاریی ئەو دەوڵەت و لایەنانەی کردبێت کە ریگە لەفراوابوونی کۆمۆنیست دەگرن، ئەوا لەوە بەدوا بە ئاشکرا هاوکارییان دەکرێت.

- لە دۆکترینی جۆرج بوشی باوکدا، بنەمای سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە کە دوای تێکشکاندنی کۆمۆنیست پێویستە ئەمریکا هەموو کات لە جیهاندا وڵاتی ژمارە یەك بێت.
- لەگەڵ هاتنی جۆرج دەبلیو بوشی کوڕ، ئەمریکا دۆکترینێکی دیاریکراوی لەسیاسەتی دەرەوە نەبووە، بەڵام پاش رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر، تەواوی هاوکێشەکە بۆ جۆرج بوشی کوڕ گۆڕانکاری بەسەردا هات و پەرەی بە سیاسەتی لێدانی پێشوەختە ((proactive operations و جەنگی دژی تیرۆر داو ئەمە بووە دۆکترینی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.
- دۆکترینی ئۆباما بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر بنەمای دەستهەڵگرتن بووە لەکۆمەڵێك کێشەی ناوچەکانی جیهان، ئەو پرانسیپەی پێی دەڵێن (سەرکردایەتیکردن لە پشتەوە. leading from behind)، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی ئۆباما بپاڵێوێرێت بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبل، ئەمەش یەکەمجار بوو کەسێك خەڵاتی ئاشتی پێبدرێت لەسەر نییەتەکانی نەك لەسەر کارەکانی، ئەمەش کاریگەری لەسەر تەواوی سیاسەتی ئۆباما هەبووە لە هەردوو خولی سەرۆکایەتییەکەیدا.
- سەبارەت بە دۆکترینی دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆکی کاندیدکراو، ئەم دۆکترینە هەتا ئێستا لەدروستبووندایەو بەتەواوەتی سیماکانی دەرنەکەوتووە، بەڵام وێڕای ئەمانەش هەندێك خەسڵەتی تێدا بەدی دەکرێت، کە دەکرێت لە تێڕوانینی دۆناڵد ترەمپ-ـەوە کاندید و سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا خوێندنەوەی بۆ بکەین.

## ● ٢- جیهانبینیی ترەمپ وەك کاندیدو وەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا

بۆ ئەوەی لەجیهانبینیی دۆناڵد ترەمپ بۆ سیاسەتی دەرەوە تێبگەین، پەنا بۆ ئەو گوتارەی ئەو دەبەین کە رۆژی ١٥ی ئابی ٢٠٦ لەسەر تێڕوانینی خۆی بۆ سیاسەتی ئەمریکا پێشکەشی کردووە.

بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر رەهەندە گشتییەکانی ئەو گوتارە، گرنگە لەتێڕوانینی ئەو خەڵکانەی لە ترەمپەوە نزیکن و قسەمان لەگەڵ کردوون، بزانین ترەمپ ئەو تێڕوانینانەی لەسەر چ بنەمایەك دارِشتووە؟ بێگومان هەموو لایەکمان دەزانین کە لە تێڕوانینی ترەمپدا ئەمریکا لاواز بووە، بۆیە دروشمی سەرەکیی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی بریتی بووە لەوەی ( جارێکی تر ئەمریکا بەهێز دەکەینەوە . make America great again)، بە قەناعەتی ئەو گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئەمریکا ئەو هەڕەشانە نین کە لەدەرەوە دەکرێنە سەر ئەمریکا، بەڵکو ئەو هەڕەشانەن کە لەناوخۆی ئەمریکادا بوونیان هەیە، بەڵگەش لەسەر ئەم قەناعەتە ئەوەیە لەماوەی ساڵی ٢٠٠١ — ٢٠١٦، تیرۆر لەهەڵکشاندا بووەو ٩٤ هاووڵاتی ئەمریکا تیرۆر کراون، لەم ژمارەیەش ٦٤ کەسیان تەنیا لەماوەی ساڵانی ٢٠١٥- ٢٠١٦ تیرۆر کراون، هەموشیان تیرۆری ناوخۆی ئەمریکا بوون. بۆیە ئەم تێڕوانینە کاریگەری لەسەر جیهانبینیی ترەمپ هەبووە.

لەم گۆشە نیگایەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ گوتارەکەی رۆژی ١٥ی ئابی ٢٠١٦ دەتوانین ئەم خاڵانە دەستنیشان بکەین:

- قەناعەتی ترەمپ بەو جۆرەیە کە لە رێگەی هێزەوە دەتوانرێت ئاشتی و سەقامگیری بەدی بهێندرێت، بەڵام لێرەدا مەرج نییە هێز تەنیا هێزی ماددی و سەربازی بێت، بەڵکو بەهێزکردنەوەی ئابووریی ئەمریکا بە هۆکاری سەرەکی بۆ ئاشتی و سەقامگیریی ئەمریکا دەزانێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر هاوکێشەکانی جیهانیش دەبێت. بۆیە ترەمپ جەخت لەسەر بەهێزکردنی هاوپەیمانەکانی دەکات، هەروەها کار لەسەر پەرەپێدان و بەهێزکردنی هێزی بەرپەرچدانەوە دەکات، هەروەك چۆن لەیەك دوو هەفتەی رابردوو رایگەیاند: «کار لەسەر گەشەپێدانەوەی توانا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا دەکەین.» کە ئەمەی دواییان بۆ چاودێرانی سیاسی جێگەی سەرسوڕمان بوو، لەبەر ئەوەی ترەمپ لەهیچ کام لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا باسی لەگەشەپێدانەوەی توانا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا نەکردووە.
- سەقامگیریی هەرێمایەتی و بەرەوپێشەوە بردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.
- کۆتاییهێنان بە سیاسەتی دووبارە بونیادنانەوەی

دامەزراوەی وڵاتان و هەردوو پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوە، ئەمانە چیدیکە بەشێك نابن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە وڵاتانی دیکە.

● زیادکردنی گوشاری سەربازی و لەناوبردنی هەڕەشەی داعش لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهان، هەروەها هاوکاریکردنی دارایی و هەواڵگری و سەربازیی ئەو هاوپەیمانانەی کە بە جددی شەڕی دژی داعش دەکەن.

● شکستپێهێنان و لاوازکردنی ئایدیۆلۆژیەتی رادیکاڵیزمی ئیسلامی بەشێك دەبێت لە سیاسەتی داهاتووی دەرەوەی ئەمریکا، هەر بۆیە لەئێستادا خەریکی دروستکردنی کۆمسیۆنێکی تایبەتن بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندڕۆیی ئیسلامی لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشمانی ئیدارەکەی.

**● ٣- جیهان بە گشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە دەستپێکی سەرۆکایەتیی ترەمپدا**

بێگومان لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ دۆناڵد ترەمپ لە کۆشکی سپی وەك سەرۆك دەست بەکار دەبێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم خاڵە ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین، ئایا مایکل فلین کە راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئیدارەی ترەمپ دەبێت، لەیەکەم رۆژی دەستبەکاربوونی لەو بریفەی پێشکەشی سەرۆکی دەکات سەبارەت بە جیهان بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چی پێ دەڵێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەمەزندەی خۆمان دەدەینەوە و وای دادەنێین مایکل فلین پێی دەڵێت: ئێستا جیهان بە قۆناخێکی راگوزەر تێدەپەڕێت، ئەوەی لەماوەی ساڵانی ١٩٩١- ٢٠٠٨ پێی دەگوترا (جیهانی تاك جەمسەری) کۆتایی پێهاتووە ئێستا جیهان بەرەو قۆناخی فرەجەمسەری دەڕوات، هەروەها گۆڕانکارییەکان خێراتر و دینامیکیترن و لەسەر ئاستی جیهان بۆشاییەکی ئاسایش و نادڵنیاییەکی ستراتیژی هەیە. رووسیا لەسەر ئاستی جیهان بەهێزتر بووە، هەروەها ئەو چەمکە تازەیەی پێی دەڵێن: (لە جیۆپۆلیتیکەوە بۆ جیۆفاینەنس) ئەمەش بەو مانایەی بایەخی جیۆفاینەنس، هەروەها جیۆپۆلیتیکی دراو و دارایی و ئابووری کاریگەری گرنگی لەسەر هاوکێشەی هێزی جیهاندا دروستکردووە.

سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیارە پێی دەڵێت، هەموو ئەو کێشانەی کە ئێستا لە جیهاندا بوونیان هەیە، خۆیان لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مانیفیستۆ دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست فاشیلترین ناوچەیە لەجیهاندا، لەبەر ئەوەی زۆرترین رێژەی شەڕی ناوخۆ، ئەمانی سنوورەکان و دەوڵەتی فاشیل، توندڕۆیی، کوشتن و ئاوارەبوون بەهۆی شەڕی ناوخۆیی، هەر هەموویان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونیان هەیە. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆشایی سیاسی و حوکمڕانی بوونی هەیە، هەروەها دوای رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران، شەڕی مەزهەبی لەنێوان شیعەو سوننە بەرەو توندبوونەوەیەکی زیاتر چووە. واتە ئێرانێکی بەهێزتر لەناوچەکە بوونی هەیە، رەفتاری سەربازی و سیاسی ئێران، رەفتارێکی پەلاماردەرە، هەروەها لەسەر ئاستی ناوچەکەش، بێ متمانەیی هاوپەیمانەکان بە ئەمریکا زیاتر بووە، بێ متمانەیی ئەمریکاش بە هاوپەیمانەکانی زیاتر بووە، واتە بێ متمانەییەکە لەهەردوو لاوەیە.

پێگەی ئابووریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئاستی ئابووریی جیهان، دیارە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٤,٦٪ی ئابووریی جیهان پێکدەهێنێت، هەموو هەناردەکردنی تەواوی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێندەی سویسرایە .

کەواتە کاتێك ترەمپ رۆژی ٢٠ی کانوونی دووەم دەچێتە کۆشکی سپی، ئەمە بارودۆخی جیهان بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەتایبەتی و دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە بکات.

پێش ئەوەی بێینە سەر ئەوەی ترەمپ چۆن مامەڵە لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، گرنگە بزانین بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەگەڕێینەوە بۆ راپۆرتی ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا کە لە شوباتی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوەو لەم راپۆرتە تازەتر لەبەردەست نییە. بەپێی ئەم راپۆرتە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتین لە:

● یەکەمین خاڵی چوارچێوەی ستراتیژیەتی ئەمریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست راگرتنی باڵانسی هێزە لەناوچەکەدا، ئەمەش واتە راگرتنی باڵانسی هێز لەنێوان شیعەو سوننە، یەکێك لە ئامانجەکانی رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێرانیش بۆ دروستکردنی باڵانسی هێز بووە لەنێوان شیعەو توندڕەویی سوننە لە ناوچەکەدا.

**ترەمپ بەشوێن قازانجدا دەگەڕێت. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە بابەتێکی ماقووڵی لە ژمارەکانی خۆیدا بڵاوکردبووەوە، ترەمپ لەبەر ئەوەی باکگراوندێکی بازرگانی هەیە، هێندەی بەشوێن قازانجی خێرادا دەگەڕێت، بەشوێن زۆر شتی دیکەدا ناگەڕێت، بۆیە لای ئەو قازانج و زیان پێوەرە لەسەر چۆنیەتی پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوە**

**لە دۆسێی سووریا گۆڕینی رژێمی بەشار ئەسەد بەشێک نابێت لە سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ، هەربۆیە رێککەوتنی لەگەڵ تورکیا لەسەر حیسابی پەیەدە تەواو دەبێت، لەبەر ئەوەی پەیەدە سیاسەتێکی هەڵەی گرتۆتەبەر، لەلایەکی دیکەشەوە نزیکبوونەوەی لەگەڵ تورکیا بەشێکی دیکەی لەسەر حیسابی ئۆپۆزسیۆنی سووریا تەواو دەبێت**

**یەکەمین خاڵی چوارچێوەی ستراتیژیەتی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاگرتنی باڵانسی هێزە لەناوچەکەدا، ئەمەش واتە ڕاگرتنی باڵانسی هێز لەنێوان شیعەو سوننە، یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێرانیش بۆ دروستکردنی باڵانسی هێز بووە لەنێوان شیعەو توندڕەویی سوننە لە ناوچەکەدا**

**دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران، شەڕی مەزهەبی لەنێوان شیعەو سوننە بەرەو توندبوونەوەیەکی زیاتر چووە. واتە ئێرانێکی بەهێزتر لەناوچەکە بوونی هەیە، ڕەفتاری سەربازی و سیاسی ئێران، ڕەفتارێکی پەلاماردەرە،**

● ڕێگرتن لە تورکیا و ئێران، یان هەر هێزێکی دیکەی ناوچەکە کە ببنە تاکە هێزی باڵادەست لەناوچەکەدا.

● ڕێگرتن لەبڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژ، یان نەکەوێتە دەستی ئەو لایەنانەی کە دژی سیاسەتەکانی ئەمریکان لەناوچەکەدا.

● پاراستنی ئاسایشی وزەو کاریگەری لەسەر ئابووریی جیهان.

● پاراستن و هاوکاریکردنی هاوپەیمانەکان.

ئەم خاڵانە بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەبنە ئەو خاڵانەی کە دەبنە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە ئەگەر ئەمە چوارچێوەکە بێت، ئایا چاوەڕێی چی دەکەین لە ترەمپ لە سیاسەتی دەرەوەی بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە باس لە مەنهەجییەتی دۆکترینی ترەمپ دەکەین.

**● ٤- مەنهەجییەتی دۆکترینی ترەمپ**

ئەگەر لەو دروشمەوە دەست پێی بکەین کە ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا بەرزی کردبووە (دووبارە ئەمریکا بەهێز دەکەینەوە.) ئەوا ئەگەر لایەنە تیۆرییەکەی ئەم دروشمە بخوێنینەوە، دەبێت پشت بە کتێبی (ئایندەی هێز) ببەستین کە (جوزیف نای) نووسیویەتی، نای لەم کتێبەدا باسی چەمکێک دەکات کە بریتییە لە (دووبارە پێکهێنانەوە و دووبارە بەهێزکردنەوە Restoration)، ئەم لایەنە تیۆرییە بەشی سەرەکیی دۆکترینی ترەمپ پێکدەهێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی مەبەست لەچەمکی Res-toration کە جۆزیف نای بەکاریهێناوە، ئەوەیە کە هەوڵبدرێت ئەمریکا لەناوەوە لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێز بکرێتەوە، ئەمەش ئەو خاڵەیە کە ترەمپ باسی لێوە دەکات و دەڵێت: کاری من ئەوە دەبێت گەورەترین هەلی ئابووری لەناوخۆی ئەمریکا بهێنمەئاراوە بۆ بونیادنانەوەی نەتەوە لەناوخۆدا. هەروەها هەوڵدەدات بە پشتبەستن بەدەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ پشت بەهێزی بەربەرچدانەوەی خۆیان ببەستن. بۆیە دووبارە گەشەپێدانەوەی بەرنامەی ئەتۆمی ئەمریکا بەشێکە لەم سیاسەتە. هەروەها جەختکردنەوە دەبێت لەسەر بنەما ئابوورییەکانی هێز و هێزی نەرم لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، دووبارە گەڕانەوەشە بۆ چەمکی هربەت هۆفر کە دەڵێت: (پیشەی سەرەکیی ئەمریکا بازرگانییە) .

لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانە و لەگەڵ ئەوەی هێشتا دۆکترینی ترەمپ بەتەواوەتی دروست نەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئەم خەسڵەتانەی لێ دەخوێنرێتەوە کە بریتین لە سێ خاڵ لانیکەم لەچوار ساڵی داهاتووی ئیدارەی ترەمپدا:

● بەهێزکردنەوەی هاوپەیمانە راستەقینەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

● ڕووبەڕووبوونەوەی ڕادیکاڵی ئیسلامی لەناوچەکە.

● ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران لە ناوچەکەدا.

**● ٥- بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ چی دەبن؟**

ئەگەر ئەم سێ خاڵە سێ ستوونی سەرەکیی دۆکترینی ترەمپ بن، ئایا بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چی دەبن؟ خاڵی دەستپێك بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوە دەبێت کە ترەمپ دەیەوێت دابڕانێك لەنێوان خۆی و ئۆباما دروست بکات، لەهەمانکاتدا دەیەوێت تێکەڵەیەك لەسیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی جۆرج بوشی کوڕ و ئیدارەی ئۆباما دروست بکات، ئەمەش بەو مانایەی کە دەتوانین بڵێین دۆکترینی ترەمپ تێکەڵ دەبێت. واتە ترەمپ نایەوێت بە ئاستی جۆرج دەبلیو بوش دەستتێوەردان بکات، هەروەها ناشیەوێت وەك ئۆباما پشتی تێبکات، لەم چوارچێوەیەدا ترەمپ وەك سەرۆکی هەڵبژێردراو هەندێك هەڵسوکەوتی کردووە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ئەو ئۆباما نییە، هەر بۆ نموونە:

١- گفتوگۆیە تەلەفۆنییەکەی ترەمپ لەگەڵ سەرۆکی تایوان، ئەمە دابڕانێکی مەنهەجییە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا.

٢- هەروەها کاتێك باڵوێزی ئیدارەکەی بۆ ئیسرائیل دادەمەزرێنێت بۆ ئەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس بگوازێتەوە.

٣- خاڵێکی دیکە لەبنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ ئەوەیە کە دەیەوێت پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا باشتر بکات.

٤- هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دەرەوەو بەکارهێنانی ئەم پارەیە بۆ وەبەرهێنان لەناوخۆدا.

٥- ترەمپ دیدوبۆچوونی بەوجۆرەیە کە هەوڵەکانیان دژ بە داعش و هاوشێوەکانی وەك داعش فراوانتر و چڕتر بکاتەوە.

٦- ترەمپ داوادەکات دەبێت لە سیاسەتی بەرگریی

خۆیدا، ئەوروپا زیاتر پشت بەخۆی ببەستێت و دەبێت ناتۆ رۆڵێکی گەورەتری هەبێت، نەك تەنیا چاوەڕێی ئەمریکا بن.

٧- پێداچوونەوە بە هاوپەیمانییە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان.

٨- پێداچوونەوە بە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران.

٩- سەبارەت بە سووریا، لە دۆسێی سووریا گۆڕینی رژێمی بەشار ئەسەد بەشێك نابێت لە سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ، هەربۆیە رێککەوتنی لەگەڵ تورکیا لەسەر حیسابی پەیدە تەواو دەبێت، لەبەر ئەوەی پەیەدە سیاسەتێکی هەڵەی گرتۆتەبەر، لەلایەکی دیکەشەوە نزیکبوونەوەی لەگەڵ تورکیا بەشێکی دیکەی لەسەر حیسابی ئۆپۆزسیۆنی سووریا تەواو دەبێت.

١٠- ترەمپ بەشوێن قازانجدا دەگەڕێت. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە بابەتێکی ماقووڵی لە ژمارەکانی خۆیدا بڵاوکردبووەوە، ترەمپ لەبەر ئەوەی باکگراوندێکی بازرگانی هەیە، هێندەی بەشوێن قازانجی خێرادا دەگەڕێت، بەشوێن زۆر شتی دیکەدا ناگەڕێت، بۆیە لای ئەو قازانج و زیان پێوەرە لەسەر چۆنیەتی پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوە.

١١- دۆخی وڵاتان پەیوەست دەکاتەوە بەخۆیان ئەوان بەشێك نابن لەدووبارە دامەزراندنەوەی دامەزراوەکان.

بۆ ئەوەی ئەم خاڵانە پیادەبکرێن، ئێستا ئەو ستافەی لەگەڵ ترەمپ کاردەکەن، لەهەوڵی دارشتنی راپۆرتێکن بۆ ئەوەی شێوازی سیاسەتی ترەمپ بەرامبەر ناوچەکە بگۆڕن. لەپارادیمی ئۆباماو جورج دەبلیو بوشەوە کە بریتی بوو لە بەڕێوەبردنی تەنگژەکان بۆ پارادیمێ کە تەنیا بەڕێوەبردنی تەنگژەکان بەس نین، بەڵکو دەبێت ئەمریکا بەشداری لەبەشێك لەچارەسەری درێژخایەنی ئەو کێشانە بکاتەوە.

**● ٦- سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ و پرسی کورد**

پێش ئەوەی باس لەوە بکەین کە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ بەرامبەر کورد چۆن دەبێت، دەبێت جەخت لەسەر سێ پرەنسیپی گرنگ بکەمەوە کە بریتین لە:

● وەرگرتنی بڕیار لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا فرەمەرجەعە، راستە بەپێی دەستوور دەسەڵاتەکانی سەرۆك، سەرۆك دەکاتە دیکتاتۆر لەسیاسەتی دەرەوەدا، بەڵام بەتەنیاش ناتوانێت هەموو بڕیارێك بدات.

● لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، سەرۆکەکان پابەندن بەچوارچێوە ستراتیژییەکانەوە، راستە ترەمپ دەڵێت من ئۆباما نیم، بەڵام جیاوازیی ترەمپ لە ئۆباما زیاتر لە رووی شێواز و میکانیزمەوە دەبێت، بۆیە ترەمپیش پابەند دەبێت بەچوارچێوە ستراتیژییەکەوە.

● دەبێت بزانین بازنە، یان ستافی دەوروبەری ترەمپ بۆ دارشتنی سیاسەتی دەرەوە کێن؟

هەموو ئەمانە کاریگەرییان لەسەر جیهانبینی و پێشنیار و میکانیزمی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە.

ئەگەر لێرەوە بمانەوێت لەسیاسەتی دەرەوەی ترەمپ و کاریگەرییەکانی لەسەر پرسی کورد تێبگەین، ئەوا پێویستمان بەوەڵامدانەوەی سێ پرسیاری دیکە هەیە.

١- کام لەئامانجە ستراتیژییەکانی سیاسەتی دەرەوەی سەردەمی دۆناڵد ترەمپ پێوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە؟

٢- تاچەند یاریدەدەرو ستافی دەوروبەری ترەمپ شارەزاییان لەسەر پرسی کورد هەیەو هاوسۆزن لەگەڵ پرسەکەدا؟

٣- ئایا کورد لەکوێی چوارچێوەی گشتیی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکادایە؟

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، ئەگەر ئامانجە ستراتیژییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بریتی بێت لەبازرگانی، ئەوا پێش هەموو شت بازرگانی پێویستی بە سەقامگیرییە، کەواتە سەقامگیری یەکێکە لە ئامانجە ستراتیژییەکان، بەڵام لێرەدا مەبەست لەسەقامگیری، سەقامگیریی رەها نییە، بەڵکو پرسیار ئەوەیە ئایا فاکتەرەکانی سەقامگیری چین؟ هاوپەیمانەکانی سەقامگیری کێن؟ خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان بەشێکە لەئامرازو کاراکتەرە گەمەکاری سەقامگیری لە ناوچەکە و جیهانیشدا.

هەروەها شەڕی دژی داعش بەلانی کەم ئەولەوییەتی ژمارە یەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبێت، لانیکەم لە ٢٠١٧/١/٢٠- ٢٠١٨/١/١، کەواتە لەم ئەولەوییەتەشدا هەرێمی کوردستان وەك هاوپەیمانی ژمارە یەك دەبێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا.

**ئەوەی لەماوەی ساڵانی ١٩٩١- ٢٠٠٨ پێی دەگوترا (جیهانی تاک جەمسەری) کۆتایی پێهاتووەو ئێستا جیهان بەرەو قۆناخی فرەجەمسەری دەڕوات، هەروەها گۆڕانکارییەکان خێراتر و دینامیکیترن و لەسەر ئاستی جیهان بۆشاییەکی ئاسایش و نادڵنیاییەکی ستراتیژی هەیە**

**شکستپێهێنان و لاوازکردنی ئایدیۆلۆژیەتی رادیکالیزمی ئیسلامی بەشێک دەبێت لە سیاسەتی داهاتووی دەرەوەی ئەمریکا، هەر بۆیە لەئێستادا خەریکی دروستکردنی کۆمسیۆنێکی تایبەتن بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندڕۆیی ئیسلامی لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشمانی ئیدارەکەی**


مایك بیتس


ژەنراڵ ماتیەس


مایکل فلین

سەبارەت بە راگرتنی باڵانسی هێز، وێڕای هەموو ئەو کەموکورتییە ناوخۆییانەی هەمانە، بەڵام ئێستا هەرێمی کوردستان فاکتەری زۆرێك لە راگرتنی باڵانسی هێزە لەناوچەکەدا، وەك باڵانسی نێوان شیعەو سوننە، باڵانسی هێز لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، لەنێوان تورکیاو ئێران، هەروەها بۆ راگرتن و باڵادەستی لەنێوان هێزی بونیادنەرو هێزی رادیکاڵدا بەشێکی زۆری هەرێمی کوردستانەو ئێمە بەشێکین لەو هێزانەی بە هێزی سەقامگیری ناوچەکە دادەنرێن.

لایەنێکی دیکە دەرفەتی ئابوورییە، چۆن ئەمریکا لە رێگەی ئابوورییەوە، پارێزگاری لەبوونی خۆی و پارێزگاری لە نفووزی جیۆپۆلیتیکی لەناوچەکە دەکات، بۆ ئەمەشیان خۆشبەختانە ئێستا هەرێمی کوردستان لەبەردەم وەرچەرخانێکی وەبەرهێنانی گەورەدایە لە بواری گازی سروشتی بۆ ئەوەی بتوانرێت ئاسایشی وزەی تورکیاو ئەورووپا، تا رادەیەك لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دابین بکرێت، بەمەش باڵانسی هێز لە نێوان ئەمریکا و رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی کوردستان لە ئەولەویەتی سیاسەتی ئەمریکادا دەبێت.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری دووەم، کە بریتییە لە ستافی ئیدارەی ترەمپ و کاریگەرییان لەسەر پرسی کورد، لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە لەچوارساڵی یەکەمی ئیدارەی ترەمپدا، مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە ترەمپ زیاتر خۆی سەرکردایەتی سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکا دەکات و سیاسەتی دەرەوەی بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بەجێ دەهێڵێت بۆ ستافەکەی، لەوانەیە لەهەندێك پرسدا خۆی بێتە ناوەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەجێی دەهێڵێت بۆ ستافەکەی. بۆیە گرنگە لێرەدا ئاماژە بەو ستافە بکەین کە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەدا کاریگەرییان دەبێت و بەمجۆرەن:

● ١- مایك بیتس جێگری سەرۆك کۆماری ئەمریکا

مایك بیتس کاتێك کۆنگریسمان بووە هاتۆتە کوردستان و هەروەك چۆن وەڵامدانەوەی دۆناڵد بۆ تەلەفۆنەکەی سەرۆکی تایوان بەخاڵی وەرچەرخان لەقەڵەم دەدرێت، ئەوا لە ناو هەموو تیمەکەی ترەمپدا تاکە کەسێك کە راستەوخۆ تەلەفۆنی بۆ کرابێت لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، تەلەفۆنەکەی مایك بیتسە بۆ سەرۆك بارزانی، ئەم تەلەفۆنەش لەسەر خواستی ئەوان بووەو ئەوان خۆیان راستەوخۆ قسەیان لەگەڵ سەرۆك بارزانی کردووە.

● ٢- ژەنراڵ ماتیەس وەزیری بەرگری

وەزیری بەرگری لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە زۆر چالاك و کاریگەر دەبێت، ئەم ژەنراڵە لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ژەنراڵ گارنەر لە زاخۆ بووە بەشداری لە پرۆسەی نەوای ئارام بۆ کوردستان کردووە، ئەمیش یەکێکە لەوانەی لەسەر پرسی کورد شارەزایی هەیە.



ریکس تیلرسۆن



پامپیۆ



ستیف بانۆنە

● ٣- مایکل فلین راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ترەمپ ئەمیش دۆستێکی نزیکی کوردە، لە عێراق مارینز بووەو دامەزرێنەری هێزی دژەتیرۆر (CTS) بووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ لەشەڕی دژی میلیشیا شیعەکان بەشداری کردووە و زۆر دژی هێزی میلیشیایە.

● ٤- ریکس تیلێرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا

تیلێرسۆن ئەو کەسە بوو کە ئیسکۆن موبیلی هێنایە کوردستان و کۆنتراکتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزاکرد، هەروەها کاتێك نوری مالیکی ئیسکۆن موبیلی خستە لیستی رەشەوە، تیلرسۆن ئامادە بوو واز لە کۆنتراکتێکی ٥٠ ملیار دۆلاری لەگەڵ عێراق بهێنێت و لەسەر کۆنتراکتەکەی لەگەڵ کوردستان مایەوە کە تەنیا یەك ملیار دۆلار بوو.

● ٥- پامپیۆ دەبێتە سەرۆکی CIA، پێشتر ئەندامی کۆنگرێس بووەو لە لیژنەی هەواڵگری بووە، یەکێك بووە لەو کۆنگرێسمانانەی لەناو هەموو ئەو پرۆژە یاساییانەی لەناو کۆنگرێس داواکراوە پشتگیریی کوردستان و پێشمەرگە بکرێت، هەڵوێستی ئەرێنی لەسەر کورد و پێشمەرگە هەبووە.

● ٦- ستیف بانۆنە، ئەمیش دەبێتە راوێژکاری ستراتیژیی ترەمپ، رای زۆر ئەرێنی لەسەر پرسی کورد هەیە.

ئەم شەش کەسە کە یەکێکیان مایکل پیتسی جێگری سەرۆکی ئەمریکایە، کاریگەرییەکی زۆر گەورەیان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ دەبێت و هەر شەشیان تێڕوانینیان ئەرێنییە لەسەر پرسی کورد.

کەواتە بەپێی ئەو پێوەندییەی بەم دواییە لەگەڵ ستاقی ترەمپ هەبووەو هەروەها چوونی شاندی کوردستان بەسەرۆکایەتی رێزدار مسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا لەمیانەی ئەو دیدارانەی بەڕێزیان لەگەڵ ئەو ستاقە ئەنجامی داون، هەست دەکرێت دەرفەتی زۆرباش لە ئیدارەی ترەمپەوە بەرامبەر کورد هەیە، بەڵام شتێك هەیە پێی دەڵێن رووداوی مەزندەنەکراو کە ئەمە یەکێکە لە توخمەکانی موفاجەئەو دەبێت لە ئیدارەی ترەمپدا حیسابی لەسەر بکرێت، بۆیە بۆ ئەم توخمە نازانرێت جارێ خوێندنەوەی نەرێنی بۆ بکرێت، یان ئەرێنی، بۆیە کاتێك ترەمپ دەبێتە سەرۆك لە ٢٠١٧/١/٢٠، پرۆگرامی خۆی بۆ شەش مانگی یەکەم ئامادە دەکات، ئەمەش واتە لە ١/٢٠ -٢٠١٧/٧/٢٠، دۆکترینی ترەمپ لە سیاسەتی دەرەوە بەتەواوەتی سیمای خۆی وەردەگرێت، بۆ ئێمە گرنگە لەماوەی ئەم شەش مانگەدا ئەمری واقیعێك لەناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بخولقێنین، کە ئەم ئەمری واقیعە دروست بوو، ئەوا ئەوان ئەم حاڵەتە وەك بەشێك لەسیاسەتی خۆیان دادەنێن، ئەمەش بۆ ئێستای کوردستان زۆر گرنگە.

---

***بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان**



**مایکڵ دێش**
پسپۆڕی کاروباری نێودەوڵەتیی بۆ گوڵان:

# سەرەڕای هاوکاریی زۆری دارایی و پشتبەستن بە هێزی سەربازی، ئەمەریکا شکستی هێنا لە بنیادنانەوەی دەوڵەت لەعێراقدا

**مایكڵ دێش پرۆفیسۆرەو سەرۆكی بەشی زانستی سیاسییە لە زانكۆی نۆتردام. پێشتر بەڕێوەبەری دامەزرێنەری ئامۆژگای سكۆكرافت بووە بۆ كاروبارە نێودەوڵەتییەكان و یەكەم كەس بووە كە سەرۆكی كورسی ڕۆبەرت گەیتس بووە بۆ بڕیاردانی هەواڵگری و ئاسایشی نەتەوەیی لە سكوڵی جۆرج بوش بۆ حكومەت و خزمەتگوزاری گشتی لە زانكۆی Texas A&M) ) لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨. بۆ قسەكردن لەسەر ئەگەر و پێشبینییەكانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریكا لەئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو گۆڕانكارییانەی چاوەڕوان دەكرێت لەم ڕووەوە ڕوویدەن، گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسیارێكی ئاراستە كردو ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بیروبۆچوونەكانی كرد.**

*** دۆناڵد ترەمپ لە سەرۆكی هەڵبژێردراوەوە وا دەبێتە سەرۆكی ئەمەریكاو كابینەی حكومەتەكەی تەواو بووەو لەلایەن كۆنگرێسەوە پەسەند دەكرێت، ئەو كەسانەشی كە بۆ وەزارەتەكان دەستنیشانی كردوون، هەموویان بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێردراون كە ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بكەن كە ترەمپ لە هەڵبژاردنەكاندا بانگەشەی بۆ دەكردن، ئایا ئەم ستافە تازەیە تا چەند گۆڕانكاری لە سیاسەتی ئەمەریكادا دروست دەكات؟**

- ئەمە پرسیارێكی جێی بایەخپێدانە. لە ڕاستیدا ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو كەسایەتییانەوە لە مەسەلەكە بڕوانین كە تا ئێستا سەرۆكی هەڵبژێردراو دۆناڵد ترەمپ دەستنیشانی كردوون، ئەوا زەحمەتە بتوانین ئەوە یەكلابكەینەوە كە ئەو -لە ڕووی سیاسەتی دەرەكییەوە- چ ئاراستەیەك دەگرێتەبەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. با ئێمە لە سێ كەسایەتی سەرەكییەوە دەست پێبكەین كە ئەو پێشنیاری كردوون، پاڵێوراوی ئەو بۆ وەزیری بەرگری ژەنەڕاڵ جەیمس ماتیسە، كە ئەگەری ئەوە هەیە بەردەوامی بە هەڵمەتێكی توند بدات لە پێوەندی بە شەڕی جیهانییەوە لەدژی تیرۆر، بەتایبەتی لەدژی داعش. ئایا ئەمە لە ڕووی پراكتیكییەوە چی دەگەیەنێت؟ من پێموایە ئەو بەردەوام دەبێت لە بەكارهێنانی فڕۆكەی بێفڕۆكەوان و هێزی ئۆپەراسیۆنە تایبەتیەكان لە دژی داعش، هەروەها ڕەنگە ئەمە دەستەبەركردنی هاوكاری ناڕاستەوخۆ لەخۆ بگرێت بۆ كاراكتەرە ناوچەییەكان بۆ شەڕكردن لەدژی داعش، بەتایبەتی بۆ حكومەتی عێراقی. بەڕێز ڕێكس تێلیرسۆن كە پاڵێوراوی وەزیری دەرەوەیە، ئەوا دوو خاڵی گرنگ هەیە لەم ڕووەوە، یەكێكیان ئەوەیە كە ئەو تێڕوانینێكی پتر دۆستانەی هەیە بۆ حكومەتی ئێستای ڕووسیا بە سەرۆكایەتی ڤلادمیر پۆتین و من مەزندەی ئەوە دەكەم بەلای كەمەوە لە پێوەندی بە شەڕی داعشەوە لە سووریا، سیاسەتێك بگرێتەبەر كە كەمتر ڕووبەڕووبوونەوە لەخۆ بگرێت لە دژی ڕژێمەكەی بەشار ئەسەدو چاوپۆشی لە كردەوە و چالاكییەكانی ڕووسیا بكات لە سووریا. خاڵێكی دیكە ئەوەیە كە ئایا ئیدارەی ترەمپ چۆن لە ئێران دەڕوانێت، كە ئەوەش بابەتێكی ئاڵۆزە. پێموایە ژەنەڕاڵ ماتیس بە ئاشكرا گوزارشتی لەگومانی خۆی كردووە لە ئاست ئیدارەی ئۆبامادا لەپێوەندی بە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ پرۆگرامی ناوكیی ئێران، كە من نازانم چۆن ئیدارەی ترەمپ دەتوانێت دەست لەم ڕێككەوتنە هەڵبگرێت، لە كاتێكدا كە واژووی لەسەر كراوەو چۆتە بواری جێبەجێكردنەوە، بەتایبەتی كە ئەوروپا و ڕووسیا بەرژەوەندییان نییە لە گێڕانەوەی سزاكان بۆ سەر ئێران. لەلایەكی دیكەوە دەستنیشانكردنی دەیڤید فریدمان لەلایەن ترەمپەوە وەك باڵیۆزی ئەمەریكا بۆ ئیسرائیل، ئەگەر لەسەر ئاستی ڕواڵەتیش بێت، ئەوا ئەمە گوزارشتە لە گۆڕانكارییەكەی گەورە بە بەراورد بە ئیدارەی ئۆباما، كە پتر پشتیوانی لە حكومەتی لیكۆد دەكات بە سەرۆكایەتی بنیامین نەتنیاهۆ، هەروەها بەلای كەمەوە هەندێ گفتوگۆ كراوە لە بارەی گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریكا لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس، خۆ ئەگەر ئەم كارە بكات، ئەوا ئەمە دەبێتە گۆڕانكارییەكی یەكلاكەرەوە لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكادا.

*** باراك ئۆباما لە ڕۆژەكانی كۆتایی لە كۆشكی سپی بڕیارێكی گرنگی دەركرد، ئەوەبوو**

**لەبەرامبەر بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دژی ڕاگرتنی مستەوتەنات بێدەنگی هەڵبژاردو ڤیتۆی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەکرد، ئایا ئاکامی ئەو هەنگاوەی ئیدارەی ئۆباما چی دەبێت؟**

- لە مەودای کورتدا بێدەنگیی ئیدارەی ئۆباما لە ئاست ئەو بڕیارەدا ئاکامێکی گەورەی لێناکەوێتەوە، چونکە لە ئێستادا ترەمپ ئەو هەنگاوەی ڕەتکردۆتەوە. لە پێوەندی بە مەودای دوورەوە، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە ئایا ئیدارەی ترەمپ هەڵوێستی ئیسرائیل لە ئاست مستەوتەنەکاندا بە کێشە دەزانێت، بە چەشنی ئەوەی ئیدارەی پێش ترەمپ بەم دەرئەنجامە گەیشت. هەروەها ترەمپ لەسەروەختی کاندیدبوونیدا گوزارشتی لە گرنگیی هێنانەئارای ڕێککەوتنی ئاشتی کرد لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئاشتی نایەتەدی لە سیاقی داگیرکارییەکی بەردەوامدا، لەبەر ئەوە بۆی هەیە لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا ئیدارەی ترەمپیش بگاتە هەمان قەناعەتی ئیدارەی ئۆباما لە پێوەندی بەم پرسەوە.

*** ئیدارەی ئۆباما ٣٥ دیپلۆماتکاری ڕووسی لە وڵاتەکەی دەرکرد بە بیانووی ئەوەی سیخوڕن، ئەوەش لەکاتێکدایە کە ترەمپ بەڵێنی داوە پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیادا ئاسایی بکاتەوە، ئایا ئەم هەڵوێستەی ئۆباما مانای چییە؟**

- ئەمە جیاوازییەکی گەورەی نێوان ئیدارەی ئۆباماو ئیدارەی داهاتووی ترەمپە، ئێمە چاوەڕێ دەکەین کە ترەمپ زیاتر ڕوونکردنەوە بدات لەبارەی هەڵوێستییەوە لە ئاست ئەو بانگەشانەی گوایە ڕووسیا تێوەگلاوە لە هاککردنی لیژنەی نیشتمانی حزبی دیموکراتەکان لەسەروەختی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا. بەڵام جیاوازی گەورە لە نێوان ئیدارەی ئێستاو ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا لەپێوەندی نێوان ئەمەریکا و ڕووسیادا بەرجەستە دەبێت، چونکە پێموایە لە ڕووی سیاسییەوە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا کەمتر شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە دەگرێتەبەر لە ئاست ڕووسیادا، بە بەراورد بە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا- ئیدارەی ئۆباما-و بەوەی کە وەزیری پێشووی ئەمەریکا، هیلاری کلینتۆن کردی لەم ڕووەوە.

*** گرنگترین دۆسیە کە ئیدارەی ترەمپ ڕووبەڕووی دەبێتەوە پرسی تیرۆریستانی داعش و ڕژێمی بەشار ئەسەدە لە سووریا، ئەم پرسە هەڕەشەیەکی گەورەی بۆ مرۆڤایەتی دروست کردووە، چارەسەرکردنی ئەم پرسە پێویستی بە لێکتێگەیشتنی نێوان ڕووسیا و ئەمەریکا هەیە، ئایا تا چەند مەزندە دەکرێت ئەمەریکا بتوانێت لەگەڵ ڕووسیا لەسەر پرسی سووریا ڕێکبکەوێت؟**

- ئەوە زۆر ڕوونە کە ئیدارەی داهاتووی ترەمپ پێیوایە ئەمەریکا و ڕووسیا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لەشەڕکردن لەدژی داعش بەتایبەتی و لەدژی ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان بەگشتی. ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ترەمپ، ژەنەراڵ مایکڵ فلین، بەردەوام ئەوەی خستۆتەڕوو کە زەمینەی هاوبەش هەیە لە نێوان ئەمەریکا و ڕووسیادا لەو بوارەدا، چونکە ئاشکرایە ڕووسیاش بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ڕووبەڕووی ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان و بزووتنەوە تیرۆریستییەکان بۆوە لە قەوقاز و بەتایبەتی لە شیشان، کەواتە تێڕوانینیان بۆ تێوەگلانی ڕووسیا لە سووریادا کەوتۆتەژێر کاریگەرییەکی گەورەی ئەو بۆچوونەیانەوە کە ڕووسیا و ڕژێمی بەشار ئەسەد بە جۆرێك لە جۆرەکان بەربەستن لەبەردەم داعش لەو وڵاتەدا.

*** ئایا پێتوایە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا بەسەرۆکایەتی ترەمپ، هاوکارییەکانی ئەمەریکا زیاتر دەکات بۆ ئەو هێزانەی کە توانا و پابەندبوونیان هەبووە بە شەڕکردن لە دژی داعشەوە؟**

- پێموایە ئیدارەی داهاتوو بەردەوام دەبێت لە سەر گرتنەبەری سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لەعێراقدا لە پێوەندی بە پشتیوانیکردنی حکومەتی عێراقەوە بۆ شەڕکردن لەدژی داعش. بەڵام من لەوە دڵنیانیم کە ئەمەریکا پتر دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ بکات لە سووریادا، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمەریکا هاوکارییەکانی کەمتر بکاتەوە — کە خۆی لە واقیعدا کەمن- بۆ ئەوەی پێی دەوترێت موعارەزەی میانڕەوی سووریا و بوار بدات بۆ ئەوەی ڕووسیا و ڕژێمەکەی

**پێویستە ئەمەریکا فێربێت خۆی لەگەڵ ناسەقامگیری مەحەلی و ناوچەییدا بگونجێنێت و ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، بە بێ ئەوەی خۆی پابەند بکات بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی بنیادنانی نەتەوەوە لە وڵاتێکدا کە تەنانەت هاوکاری دارایی و هێزی سەربازی ئەمەریکاش بەس نین بۆ ئەوەی دیموکراسیەتیەکی سەقامگیری تێدا بنیاد بنرێت**

**گومانی تێدا نییە کە قەیرانی حوکمڕانی هەیە لە چەند وڵاتێکی سەرەکیی ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە عێراقدا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەمەریکا هەوڵێکی بەردەوامی خستەگەڕ بە ئاڕاستەی بنیادنانەوەی نەتەوە لەعێراقدا، کە نەک هەر تەنیا بڕێکی گەورەی هاوکاری دارایی بۆ ئەم وڵاتە لەخۆ گرتبوو، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری سەربازی ئەمەریکیش هەبوون لەعێراقدا بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو هەوڵانە، کە بە ڕادەیەکی گەورە شکستیان هێنا**

بەشار ئەسەد شان بدەنەبەر بەرپرسیاریێتی زیاتر بۆ شەڕكردن لەدژی داعش لەسووریادا.

*** هەندێك لە پسپۆڕان باس لەوە دەكەن سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا پشت بە بنەمای ڕاگرتنی هاوسەنگی لە دوورەوە (offshore balancing) دەبەستێت كە ئەم پرەنسیپە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مانای ئەوەیە پێویستە سعودیەو دەوڵەتانی كەنداو لەو ئاستە بن كە باڵادەستیی ئێران ڕابگرن، ناتۆ باڵانسی ڕووسیا ڕابگرێت، هەروەها بە ڕێگەی دووبارە بایەخدانەوەی ئەمەریكا بە چەكی ئەتۆمی باڵانسی بڵاوبونەوەی ئەم چەكە ڕابگرێت، ئایا ئەم پرەنسیپە گەڕانەوەیە بۆ ئەو سیاسەتەی پێیان دەوت ئەمەریكا بۆتە پۆلیسی جیهان؟**

- لە ڕاستیدا چەند ئاماژە و بەڵگەیەك هەیە لە لێدوانەكانی دۆناڵد ترەمپەوە، كاتێك كاندید بوو لەسەروەختی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا، كە وادەردەكەوت ئەو بیر لە گرتنەبەری ئەم ستراتیژیەتە دەكاتەوە، ستراتیژیەتی ڕاگرتنی هاوسەنگی لەدوورەوە (offshore balancing)، لەڕاستیدا ئەو زیاتر مەبەستی ئیحتیواكردنی چین بوو، ئەویش لەلایەن یابان و كۆریای باشوورەوە، وەك لەوەی مەبەستی كەنداوی فارس بێت. كەواتە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریكا بایەخ بەم پرسە دەدات، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا هەڵوێستی وەزیری بەرگری ژەنەڕاڵ ماتیس چی دەبێت لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی ئەزموونی ئەو كاتێك لە سوپادا بوو كەوتبووە ژێر كاریگەری بوونی هێزێكی گەورەی ئەمەریكا لەو ناوچەیەدا، كەواتە ئەمە وەك پرسیارێك دەمێنێتەوە لەم ڕووەوە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە ئایا ئەمە ستراتیژیەتێكی سەركەوتوو دەبێت ئەگەر بێتو ئیدارەی داهاتووی ئەمەریكا پیادەی بكات و بیگرێتەبەر؟**

- لەڕاستیدا من لەسەر ئاستی شەخسی زیاتر مەیلی ئەوەم — بە بەراورد بە شرۆڤەكارە ستراتیژیستەكانی دیكەی ئەمەریكا- هەیە كە ستراتیژیەتی ڕاگرتنی هاوسەنگی لەدوورەوە (off-shore balancing) پەیڕەو بكرێت، چونكە پێموایە ئەوە ئاراستەیەكی ڕاست و دروستە كە دەبێت بیگیرێتەبەر، بەڵام باوەڕم وایە فشارێكی زۆریش هەیە بۆ ئەوەی پیادە نەكرێت. چونكە زۆر كەس پێیوایە كە حكومەتەكانی ناوچەكە، یان ئەوەتا زۆر لاوازن، وەك حكومەتی عێراق، كە ئامادە نین ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئێران ببنەوە، هەروەها زۆر كەس زۆرێك لە وڵاتانی كەنداو و سعودیەش دەخەنە ئەم خانەیەوە، لەبەر ئەوە لە ڕووی سیاسییەوە كارێكی زەحمەت دەبێت كە بتوانیت بە تەواوەتی ستراتیژیەتی ڕاگرتنی هاوسەنگی لەدوورەوە (offshore balancing) پیادە بكەیت.

*** لایەنێكی دیكە كە پسپۆڕان باسی لێ دەكەن، ئەوەیە كە چیدیكە ئەمەریكا پارەی زۆر بۆ هەردوو پرۆسەی بنیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوە خەرج ناكات، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە كە ئەمەریكا پێشتر نزیكەی ٤-٦ ترلیۆن دۆلاری لە عێراق و ئەفغانستان خەرج كردووەو شكستی هێناوەو سەرەنجامیش بوونە دوو زۆنی گەورەی تیرۆریستان و دژی ئەمەریكا، پرسیار ئەوەیە ئایا بە بۆچوونی ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی شكستخواردوودا دەكرێت لەكاتێكدا سەرچاوەی هەموو كێشەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەتی شكستخواردووە، چۆن دەكرێت ئەم كێشەیە چارەسەر بكرێت؟**

- نازانم ئایا دەكرێت ئەم كێشەیە چارەسەر بكرێت، یان نا. بەڵام گومانی تێدا نییە كە قەیرانی حوكمڕانی هەیە لە چەند وڵاتێكی سەرەكیی ناوچەكەدا، بەتایبەتی لە عێراقدا، بەڵام لەلایەكی دیكەوە ئەمەریكا هەوڵێكی بەردەوامی خستەگەڕ بە ئاراستەی بنیادنانەوەی نەتەوە لەعێراقدا، كە نەك هەر تەنیا بڕێكی گەورەی هاوكاری دارایی بۆ ئەم وڵاتە لەخۆ گرتبوو، بەڵكو ژمارەیەكی زۆری سەربازی ئەمەریكیش هەبوون لەعێراقدا بۆ پاڵپشتیكردنی ئەو هەوڵانە، كە بە ڕادەیەكی گەورە شكستیان هێنا. لەبەر ئەوە لایەنێكی دیكەی ستراتیژیەتی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە دوورەوە (offshore balanc-ing) ئەوەیە كە پێویستە ئەمەریكا فێربێت خۆی لەگەڵ ناسەقامگیری مەحەلی و ناوچەییدا بگونجێنێت و ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی، بە بێ ئەوەی خۆی پابەند بكات بە پرۆسەیەكی درێژخایەنی بنیادنانی نەتەوەوە لە وڵاتێكدا كە تەنانەت هاوكاری دارایی و هێزی سەربازی ئەمەریكاش بەس نین بۆ ئەوەی دیموكراسیەتیەكی سەقامگیری تێدا بنیاد بنرێت.

**ڕووسیاش بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ ڕووبەڕووی ئیسلامییە ڕادیكاڵەكان و بزووتنەوە تیرۆریستییەكان بۆوە لە قەوقاز و بەتایبەتی لە شیشان**

**ئیدارەی داهاتووی ترەمپ پێیوایە ئەمەریكا و ڕووسیا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لەشەڕكردن لەدژی داعش بەتایبەتی و لەدژی ئیسلامییە ڕادیكاڵەكان بەگشتی**

**ژەنەڕاڵ ماتیس بە ئاشكرا گوزارشتی لەگومانی خۆی كردووە لە ئاست ئیدارەی ئۆباما لە پەیوەندی بە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ پرۆگرامی ناوكیی ئێران**

**دەستنیشانكردنی دەیڤید فریدمان لەلایەن ترەمپەوە وەك باڵیۆزی ئەمەریكا بۆ ئیسرائیل، ئەگەر لەسەر ئاستی ڕواڵەتیش بێت، ئەوا ئەمە گوزارشتە لە گۆڕانكارییەكەی گەورە بە بەراورد بە ئیدارەی ئۆباما، كە پتر پشتیوانی لە حكومەتی لیكۆد دەكات**






# سیمینارى (چوار نەتەوەى عەرەب، تورک، فارس و کورد) لە تونس تایبەت بە باسکردنى شێوازەکانى پێکەوەژیانى ئاشتییانە و دیالۆگ و لێکگەیشتن

د. شێرزاد نەجارٍ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتى

لەسەروبەندی ململانێی توندو مەینەتیی نێودەوڵەتیی نێوان رۆڵەکانی شارستانییە دێرینانەی ناوچەکەماندا، پەیمانگەی عەرەبی بۆ دیموکراسییەت لە تونس بە سەرۆکایەتیی وتەبێژی فەرمیی پێشوو بە ناوی حکومەتی تونس، وەزیرو ئەکادیمیست و سەرکردە لە حزبی (نیدا تونس) دکتۆر خالد شەوکات، سیمینارێکی دیالۆگی لە ماوەی نێوان ٢٣ بۆ ٢٥ی دیسەمبەری ٢٠١٦ سازکرد، کە رۆشنبیرانی ( چوار نەتەوە)، عارەب و تورك و فارس و کورد تێیدا بەشداربوون:

دکتۆر محەمەد شەحرور لە سووریا
دکتۆر عەبدولحسێن شەعبان لە عێراق
دکتۆر شێرزاد ئەمین نەجاڕ لە کوردستانی عێراق
مامۆستا سەلاحەدین بەدرەدین لە کوردستانی سووریا
دکتۆر محەمەد ساڵح سەدیقیان لە ئێران
مامۆستا نەوزاد سواش لە تورکیا
دکتۆر حامد حمود ئەلعەجلان لە کوێت
دکتۆر مازن ئەلشەریف لە تونس

سیمینارەکە سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٣ بە دانیشتنێکی گشتی لەگەڵ میدیاکان بە مەبەستی ناساندن دەستی پێکرد، لە رۆژی ١٢/٢٤ بە دانیشتنی فەرمی لە هۆڵی سەرەکی لە ئوتێلی ئەفریکا لە شەقامی حەبیب بورقێبە لە ناوەندی تونسی پایتەخت دەستی پێکرد، کە تێیدا بژاردەیەك لە ناوەندی سیاسی و دیپلۆمات و رۆشنبیری ئامادەبوون، وێڕای چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵ ونێودەوڵەتی، دکتۆر خالید شۆکات بە وتەیەك سیمینارەکەی کردەوە باسی لە ئامانجی کۆکردنەوەی رۆڵەکانی ئەو چوار نەتەوەیە کرد لەپێناو بنیادنانی زەمینەیەکی دیالۆگ و لێکگەیشتنی نێوانیان، سەرۆکی پەیمانگەی عەرەبی بۆ دیموکراسی لە میانی سیمینارەکەدا دووپاتی کردەوە کە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی گەلانی ناوچەکە و بەتایبەتیش ئەو چوار نەتەوەی (کوردو تورك و ئێران و عەرەب) دەخوازێت کە یەکڕیزبن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەحەددی هاوبەش کە تیرۆرە، ئاماژەشی بە رۆڵی گەورەو کاریگەری بیرمەند کرد بۆ دژایەتیکردنی تیرۆر لە رێگەی بەردەوامبوون لە سەرخستنی رێبازی دیموکراسی.

شوکات زیاتر گوتی: دەستپێشخەریی ( چوار نەتەوە) لەو چەمکەوە سەری هەڵداوە کە پڕۆژەی دیموکراسی و رووبەڕووبوونەوەی تەحەددی تیرۆر تەنیا بەرپرسیارێتیی دامەزراوە فەرمییەکان نییە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە شەڕ تەنیا شەڕی ئەمنی و سەربازی نییە، بەڵکو رەهەندگەلی رۆشنبیری و ئایینی و پەروەردەیی و فیکری و رۆحیی هەیە.

سەرۆکی پەیمانگەی عەرەبی بۆ دیموکراسی لە میانی وتەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەندێ لایەن هەن پێویستە رۆڵی گرنگیان لە بردنەوەی ئەو شەڕەی دژ بە تیرۆر هەبێت و بتوانن پڕۆژەی خوێن و کاولکاری و ئاشووب ببەزێنن، زیاتریش گوتی: رۆڵی بیرمەندو رۆشنبیر و توێژەر لەمەدا دەردەکەوێت، تاکو رۆڵی پێشەنگی هەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەری ریشەیی ئەو کێشەیە و لە رێنمایی کردن و ئامۆژگاریکردنی ناوەندە فەرمییەکانی بڕیار کە وا دیارە لێك جیابوونەتەوەو پێکیانداداوەو لەبەر چەند هۆیەك کە هەندێکیان ناوخۆیین و تایبەتن بەو ناوچەیەی کە ئەو چوار نەتەوەیەی تێدایە، هەندێکیشیان پەیوەستن بە بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتە زلهێزانەی ململانێیان لەسەر ناوچەکە هەیە. هەروەها پێیوایە کە دەستپێشخەریی ( چوار نەتەوەکە) لە پێشخستنی گرنگێتیی ئەو رۆڵەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە گۆڕانکارییەکانی ئێستادا دەیگێڕێت، سەرهەڵدەدات. زیاتر گوتی: قسەکردن لە جیاکردنەوەی ئەزموونەکەی تونس کە توانیویەتی ئاراستەکەی خۆی بپارێزێت و نەگەڕێتەوە دواوە یان بەدوای ئاراستەی ئاشووب نەکەوێت وەك دەوڵەتانی دیکەی بەهار، بۆ بزاوتی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێشکەوتنی ئەو توێژە لە وڵاتدا دەگەڕێتەوە.

دواتر دکتۆر عەبدولحسێن شەعبان وتارێکی خوێندەوە کە باسی لە بیرۆکەی سیمینارەکە کردو دووپاتی کردەوە کە مێژووی سیمینارەکە دەبێتە ئاماژەیەکی پرشنگدار لە رێگەی لێکگەیشتن و هاوکاری و هەماهەنگیی مرۆیی کە بناغەی سەرەکین و ئەم دەستپێشخەرییەی راگەیاندنی ئەو دیالۆگەی نێوان رۆشنبیرانی چوار نەتەوەکە پشتی پێ بەستوون.

ئەم رووداوە رۆشنبیرییە جیاوازە دوای دیالۆگ و گفتوگۆی نێوان بژاردە جیاجیاکان لە چەند وڵاتێکدا هاتۆتەئاراوە، ئەمەش قەناعەتی تەواوو شارەزایی زیادی دابینکرد بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم دیالۆگە کە پێموایە خۆشگوزەرانی نییە بەقەدەر ئەوەی کە پێویستییەکی زۆرە، دیالۆگی رۆشنبیری بە هەموو کارو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە بۆتە هەڵبژاردە و بژاردەیەکی خۆشگوزەرانیی فیکری، بۆیە ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت وەك هۆکارێکی کاریگەری پەیوەندیی نێوان وڵاتان و گەلان و نەتەوەکان، بەو واتایەی لە هەمان کاتدا ناچارییە، چونکە پێچەوانەکەی بە کەمترین مەزەندە مانای بەردەوامبوونی دۆخەکەیە، ئەمەش بە واتای بەردەوامیی لێکدابڕان و داخران و تێکچڕژان.

بۆیە ئەگەر شەرەفی دەستپێکردنی بیرۆکەی دیالۆگی نێوان رۆشنبیرانی ئەو چوار نەتەوەیەم پێبڕابێت لەوەتەی زیاتر لە دەیەیەك، ئەوا ئەمڕۆ بە یارمەتیی پەیمانگەی

**دەستپێشخەریی (چوار نەتەوە) لەو چەمکەوە سەری هەڵداوە کە پڕۆژەی دیموکراسی و رووبەڕووبوونەوەی تەحەددی تیرۆر تەنیا بەرپرسیارێتیی دامەزراوە فەرمییەکان نییە، شەڕ تەنیا ئەمنی و سەربازی نییە، بەڵکو رەهەندگەلی رۆشنبیری و ئایینی و پەروەردەیی و فیکری و رۆحی هەیە**

**رۆڵی بیرمەندو رۆشنبیر و توێژەر لەمەدا دەردەکەوێت، تاکو رۆڵی پێشەنگی هەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەری ریشەیی ئەو کێشەیە و لە رێنماییکردن و ئامۆژگاریکردنی ناوەندە فەرمییەکانی بڕیار کە وادیارە لێک جیابوونەتەوەو پێکیاندا داوە**

عەرەبی بۆ دیموکراسی بۆتە راستییەکی بەرچاو کە دەکرێ پەرەی پێبدرێت و بکرێتە دامەزراوەیەکی کارا کە رۆشنبیرانی عەرەب و تورك و فارس و کورد بۆ خۆی رابکێشێت، بەشێوەیەك کە فەزایەك دروستبکات بۆ دیالۆگی مەعریفی و رۆشنبیریی ئازادو کراوە بۆ دەوڵەمەندکردنی بەها مرۆییە هاوبەشەکان و بەهێزکردنی رایەڵەکانی نێوان مرۆڤ، دەتوانین بژین و کاربکەین لەپێناو بەختیاریی وڵاتەکەمان و خۆشیی و خۆشگوزەرانیی نەتەوەکانمان و بەرزکردنەوەی بەهاکانی جوانیی و خێرو ئاشتی و یەکسانیی هاوبەشیی مرۆیی، لەجیاتی رق و کینەو دەمارگیری و پەڕگیری و توندوتیژی و پەراوێزخستن.

دیالۆگی نێوان رۆشنبیرانی چوار نەتەوەکە چەندین خاڵ رەچاودەکات گرنگترینیان:

یەکەم: دیالۆگێکی رۆشنبیری و مەعریفییە.

دووەم: دیالۆگێکی ئاشتی و ئایندەییە، تەنیا باس لە رابردوو ناکات، بەو قەدەرەی کە بریتییە لە لایەنی ئەرێنی و گشتگیرو یەکگرتوو، واتا ناخزێتە نێو گەڕان بەدوای نەرێنییە کۆنەکان و گرێیە مێژووییەکان، بەڵکو جەخت لە ئەرێنییەکان و شتە هاوبەشەکان دەکاتەوە، بە تایبەتیش بە رەهەندە مرۆییەکان، کە پەیوەستن بە بەها مرۆییە هاوبەشەکان و مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەو گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسیان بە شێوەیەکی ئازادانە، هەروەها مافیان لە هەڵبژاردنی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانیان بێ دەستتێوەردان و هەژموونگەرایی و هەر مەرجێکی ستەمکاریی.

سێیەم: دیالۆگێکە لەسەر بنەماکانی لێبووردەیی و ئاشتی و ناتوندوتیژی دامەزراوە.

چوارەم: دیالۆگەکە هەوڵدەدات کە رایەڵە مۆراڵی و کۆمەڵایەتییەکان بەهێزبکات کە رۆشنبیرانی هەر چوار نەتەوەکە کۆدەکەنەوەو بەرەنگاری هەوڵەکانی نانەوەی گومان و دابڕان دەبنەوە، بەتایبەتیش ئەو هێزانەی کە ناحەزن و گرنگە بەلایانەوە کە هەر لە حاڵەتی جیابوونەوەو پەراگەندەیی تەنانەت پێکدادان و رق و کینە بمێننەوە.

پێنجەم: رۆشنبیرانی ئەم نەتەوانە بە قەدەر ئەوەی کە شانازی بە ناسنامەو تایبەتمەندی و کەلتوورو مێژوویان دەکەن، لە هەمان کاتدا هەست بەوە دەکەن کە بەشێکن لە شارستانییەکان و دیرۆکی رۆشنبیرییەکان کە لە رابردوودا کاریان لێککردووە لە چوارچێوەی ئایین و سەرجەلەو زمانەکان کە فاکتەری هێز بوون.

دواتر بوار بە دکتۆر شێرزاد نەجار درا وتارێکی پێشکەشکرد و گوتی: پێشەکی سوپاسی بەڕێز وەزیر دکتۆر خالد شۆکات سەرۆکی پەیمانگەی عەرەبی بۆ دیموکراسی و برای بیرمەند دکتۆر عەبدولحسێن شەعبان دەکەم بۆ رێکخستنی ئەو سیمینارە بۆ هەر چوار نەتەوە کە یەکەم جارە بەم شێوەیە سازدەکرێت و هیواخوازین کە بتوانین زەمینەیەکی هاوبەش بۆ هەر چوار نەتەوەکە (عارەب و تورك و فارس و کورد) بڕەخسێنین بە مەبەستی لێکگەیشتنی قوڵ و دیالۆگی بەردەوام بۆ پێکەوەژیانی بەردەوام،پاشان باسی لە دروشمی سیمینارەکە کرد دەربارەی (پرۆژەی دیموکراسی و قەڵاچۆکردنی تیرۆر) و گوتی: لەم سیمینارەدا باس لە دوو دیاردە دەکەین: دیموکراسی و تیرۆر، کە هەردووکیان لە خاڵێکی گرنگدا کۆدەبنەوە، ئەم دوو دیاردەیە تازە نین، بەڵکو رەهەندی مێژووییان هەیە، دیموکراسی رەهەندی مێژوویی هەیە تەنیا بۆ رۆژگاری گەشەسەندنی شارستانی گریك (نزیکەی سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین) ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو رەهەندە مێژووییە دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری گەشەسەندنی شارستانی لە میسیۆپۆتامیا، ئەو دیموکراسییە لەلایەن پرۆفیسۆر جاکۆبسن لە زانکۆی شیکاگو بەوە وەسفکرا کە دیموکراسیی سەرەتاییە Primitive Democracy، لەسەردەمی گریکدا دیموکراسی پێگەیەکی گرنگی لە فیکری سیاسیی گریکدا گرتەوەو بە شێوەیەك چەسپا کە گوزارشت لە ویستی گەل بکات لەمیانی دیموکراسیی راستەوخۆ لە( دیموکراسیی ئەسینا)دا، هەروەها لەسەردەمی (بریکلس)دا پەرەی سەند، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە، فەیلەسووف( ئەرستۆ) دووپاتی کردەوە کە دیموکراسی جۆرێکە لە حوکمڕانیی گەندەڵ، چونکە بەمانای حوکمڕانی زۆرینەیە کە بریتییە لە تێکدان و پاشاگەردانی، مانای دیموکراسی بە جۆرێکی تازە پەرەی سەند ئەویش (دیموکراسیی نوێنەرایەتی)یە، واتا بوونی نوێنەرانی گەل لە پەرلەمانەکاندا، لێرەدا چەند ناوێکی گرنگ هاتنەئاراوە لەوانە: مۆنتسکیۆ، جان لۆك، شۆڕشی فەرەنسا ١٧٩٨ ئەم مانایەی لە دیموکراسیی وەرگرت وەك دروشمێك بۆ خۆی و دەستی کرد بە جێبەجێکردنی، بەڵام ئەمە شتێکی گرنگە، تێبینی دەکرێت کە سەرهەڵدانی دیموکراسی لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسی پەیوەست بوو بە سەرهەڵدانی دیاردەیەکی ناکۆك بەو، ئەو دیاردەیەش: تیرۆرە، کەواتە لە شۆڕشی فەرەنسادا دیموکراسی لەگەڵ تیرۆر بەیەك گەیشتن و بوونە دژبەیەك کە پێویست بوو کاربکرێت تاکو تەنیا یەکێکیان بمێنێتەوە، کەواتە تیرۆر یەکێکە لە دیاردە کۆنەکانی رۆچوو لە مێژوودا، بەڵام دەرکەوتنی وەك چەمکێکی تازە لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسی ١٧٩٨دەستی پێکردو کرداری تیرۆر پەیوەست بوو بە تۆقاندن و دڵەڕاوکێ تەنانەت هەندێ وەك دادپەروەرییەکی توندوتۆڵ لەقەڵەمیان دا کە بە بوونی ئەو، رەوشتبەرزیی لەناودەچێت، تەنانەت رۆبسپێر تیرۆری بەستەوە وەك

**ئەم رووداوە رۆشنبیرییە جیاوازە دوای دیالۆگ و گفتوگۆی نێوان بژاردە جیاجیاکان لە چەند وڵاتێکدا هاتۆتەئاراوە، ئەمەش قەناعەتی تەواو و شارەزایی زیادی دابینکرد بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم دیالۆگە کە خۆشگوزەرانی نییە بەقەدەر ئەوەی کە پێویستییەکی زۆرە**

**رۆبسپێر تیرۆری بەستەوە وەک رێگەیەک بۆ پیادەکردنی دیموکراسی، ئاماژەشی بە تیرۆر کردووە لە سەردەمی نوێدا کە لەگەڵ دەرکەوتنی رژێمە فاشی و نازی و تۆتالیتارییەکانی جیهان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی پەیدابوو**

ڕێگەیەك بۆ پیادەکردنی دیموکراسی، ئاماژەشی بە تیرۆر کردووە لە سەردەمی نوێدا کە لەگەڵ دەرکەوتنی ڕژێمە فاشی و نازی و تۆتالیتارییەکانی جیهان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی پەیدابوو، دکتۆر نەجاڕ دەریخست کە چەمکی تیرۆر بۆتە چەمکێکی فێڵبازی دواتر بوو بە (نموونەی تازەی سیاسی) کە هەوڵدەدات بەرەو ڕووی ڕۆشنگەریی ببێتەوە، بووە هۆی دەرکەوتنی قەیرانێك کە بە(قەیرانی دژەخود)ی دیموکراسییە لیبراڵییەکانی ڕۆژئاوا ناوزەدکراوە، ئەم قەیرانە بووەهۆی بەپێویست زانینی هەموارکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ خودی تاکەکەسیی کە لە کۆمەڵگاکانی هاوچەرخەکانی ڕۆژئاوادا باوە لەپێناو گۆڕینی (دەروونە داخراوەکان) کە دەبێت دان بنێت بەوەی ژیانی کۆمەڵگەی ڕاستەقینە بریتییە لە ڕوانین بۆئایندە و ڕیزگرتنی یەکدی بەشێوەیەك کە کاریگەریی ڕابردووی لەسەر نەبێت، هەروەها گوتی: تیرۆر کاریگەریی دژ بە شارستانییەت هەیە و هێرشێکی ڕاستەوخۆیشی بۆسەر مرۆڤ هەیە، بەڵام ئەم وەسفە بریتییە لە وەسفی کردارەکانی کەسانی دیکە، لەکاتێکدا ئەو ڕێکارانە پشتگوێ دەخرێن کە دەبنە هۆی درووستبوونی تیرۆر، لێرەدا هاوپەیمانییەکی چەپەڵ سەرهەڵدەدات لەنێوان کاریگەریی گشتگیریی و کاریگەریی تاك و لاکردنەوە بۆ تاکڕەوەی و داخراویی، دکتۆر نەجاڕ جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە بڵاوبوونەوەی تیرۆر بە هەردوو جۆرییەوە (تیرۆری دەوڵەت و تیرۆری کەسانی دیکە) لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم و تا ئێستا، بووە هۆی پەیدابوونی دیاردەی شەڕی ناوخۆی جیهانی، کە چەند پرسیارێك دەورووژێنێت گرنگترینیان: ئایا ئەم شەڕە شەڕێکی بەردەوام دەبێت (مادامەکی تیرۆر بە هەموو شێوازەکانییەوە هەر بوونی هەبێت) کە ژیانێك دەخوازێت لە قۆناخی ڕاڕایی لەنێوان دیموکراسی و ستەمکاریدا؟ لە کۆتایی وتارەکەیدا گوتی: لەبەر ئەوە پڕۆژەی دیموکراسی (کە ئامانجی جەوهەریی سیمینارەکەیە) لەبەردەم بەرپرسیارییەتێکی مەترسیداردایە کە پەیوەستە بە وەڵامێکی پرسیارێکی گرنگ: ئایا دیموکراسی و بەدیهێنانی بە واتای لەناوبردنی یەکجارەکیی تیرۆرە؟ ئایا دیموکراسی چارەسەری کۆتاییە بۆ کێشەی مرۆڤ و حوکمڕانیی؟ دیموکراسی چارەسەری کۆتایی نییە لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە کە بریتییە لە درێژبوونەوەو بەردەوامبوون و هەمیشەیی کە دووچاری نسکۆ دەبێتەوەو لەکاتی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان و لەهەمان کاتدا کێشەی دیکە دروست دەکات، کەواتە دیموکراسی وەك پڕۆژە لەناوەڕۆکدا مەترسیی نسکۆو لەناوچوون هەڵدەگرێت، تەنانەت دیموکراسییە پێشکەوتووەکان لە دیاردەی تیرۆر ڕزگاریان نەبووە، بەتایبەتی لەوەتەی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو.

مامۆستا سەلاحەدین بەدرەدین لە وتارەکەیدا باسی پرسێکی گرنگی کرد کە بریتی بوو لەوەی کاتێ فیکر سەرکەوتن بەدەست دێنێت لە چەسپاندنی کەلتووری یەکترقبوڵکردنی جیاواز، دەکرێ بەرەیەکی یەکگرتووی دژی تیرۆری لێ بەرهەم بێت، هەروەها گوتی: ئیشێکی باشتان کرد بۆ ئەم کۆبوونەوەیەمان بە بۆنەی سیمیناری چوار نەتەوەکە تەنیا بۆ بژاردەیەکی فیکری و ڕۆشنبیریی عەرەبی نییە لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات، بەڵکو نوێنەرانی گەلانی دیکەش دەگرێتەوە کە بەشدارییان لە بەهێزکردن و بڵاوکردنەوەی شارستانیی ئیسلامی و عەرەبیدا کردووە، کە مەبەستم کورد و تورك و ئێرانییە، بێگومان لەنێوانماندا بەرەچەڵەك ئەمازیغیش بوونی هەیە و دەیان ناوی کوردی ڕەسەنم لایە کە لەوەتەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام بەشدارییان کردووە لە چەندین بواری زانستی مێژوو و فیقهـ و ئیجتهاد و ڕێزمانی عەرەبی و توانیویانە زۆر بوێرانە بەرگری لە گەلانی ناوچەکە بکەن و بەرەو ڕووی داگیرکار ببنەوەو شوێنە پیرۆزەکان ڕزگاربکەن، لەگەڵ ئەوانەی بەشدارییان کردووە لە خەباتی ڕزگاریخوازانە دژی کۆڵۆنیالیزم و بەدیهێنانی سەربەخۆیی نیشتمانی لە مێژووی هاوچەرخدا بەتایبەتیش لە سووریاو عێراق و دواتریش بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەم سەردەمەماندا، هەروەها گوتی: سیمینارەکە بیرۆکەی (ڕۆژهەڵاتی ڕەسەن) بەهێزدەکات و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر تەنیا لایەنی سەربازی ناگرێتەوە بەڵکو لایەنی فیکری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووریش دەگرێتەوە، هەروەها دووپاتیکردەوە کە ئەم قسەیە لایەنی دیکەی لێدەبێتەوە و ئەرکگەلێکی تیۆری دەکەوێتە سەر شانی بیرمەند و پێویستە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە تاکو مەبەستەکە بگەیەنێت و دەردو دەرمان دەستیشان بکات بۆ چارەسەرکردنی پەتای تیرۆر، دواتر گوتی: ڕێمبدەن بە هەمان شێوە کە پەیوەستە بە بابەتەکەمان بەتایبەتیش پرسی دانپێدانانی بەرامبەر لەنێوان پێکهاتەکان لە نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان و قبوڵکردنی یەکدی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی، لێرەدا ئەوەتان پێڕادەگەیەنم کە ڕۆژانە بەدواداچوونی بۆ دەکەم بە حوکمی ئەوەی پتر لە دوو دەیەیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق نیشتەجێم، کە پڕۆژەی دەستوورەکەی بەو شێوەیە پێناسەی گەلی هەرێم بە ( کورد و کلدان و ئاشوورو سریان و تورکمان و عارەب و ئەرمەن) دەکات، ئەوانەی هەموویان بەشدارن لە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردنداو هەموو مافێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ئایینیان هەیە، هەرێمی کوردستانی فیدڕاڵ نموونەیەکی ئازادیی نەتەوە

**دیموکراسی و تیرۆر، هەردووکیان لە خاڵێکی گرنگدا کۆدەبنەوەو تازەش نین، بەڵکو ڕەهەندی مێژووییان هەیە، دیموکراسی ڕەهەندی مێژوویی هەیە تەنیا بۆ ڕۆژگاری گەشەسەندنی شارستانی گریک (نزیکەی سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین) ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو ڕەهەندە مێژووییە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری گەشەسەندنی شارستانی لە میسۆپۆتامیا**

**کاتێ فیکر سەرکەوتن بەدەست دێنێت لە چەسپاندنی کەلتووری یەکترقبوڵکردنی جیاواز، دەکرێ بەرەیەکی یەکگرتووی دژی تیرۆری لێ بەرهەم بێت**

**کارکردن لەسەر زیادکردنی هۆشیاری لای گەلان و بەهێزکردنی رۆڵی یاسا بۆ پاراستنی ئازادیی رادەربڕین و ئازادییە گشتییەکان، بوارێکی دیکەی هیوا بە گەلان دەبەخشن بۆ گۆڕانکاری و بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی**

و بیروباوەڕو تێکەڵیی شارستانیی لە سەرجەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە شاهیدیی کەسانی پەیوەندیداری ئەو پێکهاتانە و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی ئەورووپی و پاپای فاتیکان. لە کۆتاییدا گوتی: سڵاوم بۆ گەلی خۆشەویستی تونس کە ئەبولقاسم ئەلشابی و حەبیب بورقێبەو ئەلبوسەعیدی هێناوە کە تا ئێستا پارێزگاریی لە میراتی شۆڕشی بەهارو پەرەپێدانی دەکات کە هانمان دەدات وەك گرەوکار لەسەر شۆڕشەکانی بەهار و زیاتر پێوە پابەندبوون بە واتاو پرەنسیبەکانیان و دابینکردنی هۆکارەکانی سەرکەوتنیان، سەرەڕای هەموو ئاستەنگێك، لێرەدا دەڵێین بەڵێ سەفاقس ئەو شارە دڵڕفێنەی تونسە کە شایانییەتی ببێتە پایتەختی رۆشنبیریی عەرەبی بە هەموو ناوەڕۆکە نیشتمانی و دیموکراسییەکان.

لەلای خۆشیەوە دکتۆر ساحب قارەمان دووپاتی لە گرنگیی سیمینارەکە کردەوە بۆ نزیکبوونەوەی نێوان چوار نەتەوەکە و چەسپاندنی پرەنسیبی دیالۆگ و لێکگەیشتن، بەڵام دکتۆر حمود ئەلعجلان لە کوێت باسی لە گرنگیی سازکردنی سیمینارەکە کرد لەنێو جەرگەی ململانێکانی ناوچەکە و جەختی کردەوە لەسەر ئەو برگانەی کە رەنگدانەوەی پەیوەندییەکان بوون لە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان چوار نەتەوەکە، لەلای خۆشییەوە بیرمەندی ئیسلامیی تونس مازن ئەلشەریف گوتی: قسەکردن لە بابەتی سیمینارەکە بەلایەنی کەم بۆ ماوەی ٥٠ساڵی داهاتوو خەریکمان دەکات، چونکە بابەتی تیرۆر جۆرێکە لە جەنگی تازە، ئەم بارودۆخەش دەکرێت بە دوو زانستی گرنگ شیبکرێتەوە، کە بریتین لە: ئیستراتیژییەت و دووررِوانینی ئایندە. لێرەوە زاراوەیەکی تازە پەیدادەبێت کە بریتییە لە: ئاسایشی سەرتاسەری کە هەموو جۆرێکی ئاسایشی سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی دەگرێتەوە، پێویستە چارەیەك بۆ تیرۆر دابنرێت بە فرەڕێگا و زیاتر جەختکردنەوە لەسەر هۆیەکانی سەرهەڵدانی لەوانەش هۆیەکانی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەو زیاتر باسی دیموکراسی کرد کە بە بەرهەمێکی گرنگ و هەنگوینێکی پاکی ئازادیی وەسفکرد، بەڵام دەبێتە ژەهر کاتێ خراپ بەکاردەهێنرێت، پێویستە رێڕەوەی دیموکراسی بە رێڕەوەی رەوشتەوە گرێبدرێت لەپێناو چنینەوەی بەری دیموکراسی، بە رای ئەو دیموکراسی پەیوەندیی بە تیرۆرەوە نییە، چونکە دیموکراسی بێبەرییە لە تیرۆر، پێشبینیشی کرد کە جیهان بەرەو جەنگی سێیەمی جیهانی دەڕوات بە دەرهاویشتەگەلێکی مەترسیدار، وەك شەڕی بە وەکالەت، شەڕی سەپێنراو، شەڕی پارتیزانیی بە تەکنەلۆجیای زۆر پێشکەوتوو.

بە ڕای دکتۆر محەمەد ساڵح سدیقیان سیمینارەکە هەنگاوێکی گرنگە بۆ لێکنزیکبوونەوەی نێوان هەر چوار نەتەوە، بەم پرسیارەش دەستیپێکرد: ئایا دیموکراسی دەتوانێت رووبەڕووی تیرۆر بوەستێتەوە؟ ئایا پیادەکردنی دیموکراسی سەردەگرێت کە ببێتە ئەلتەرناتیڤی ئەو تیرۆرەی لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی بە تایبەتی بڵاوبۆتەوە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بە شێوەیەکی گشتی؟ هەروەها گوتی: پرسیارێکی گرنگ و چارەنووسسازە بۆ ئێمە خاوەنی زەوی و ئەم ناوچەیە، پێموانییە کە جیاواز بین کاتێ گلەیی لەو سیاسەتانە دەکەین کە دەوڵەتانی رۆژئاوا لەگەڵ رژێمە ستەمکارکاندا پیادەیان کردووە، ئەوانەی کە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا حوکمڕانیی وڵاتانمان و گەلەکانمانیان کردووە. ئێمە کە لێرەدا کۆبووینەتەوە لە وڵاتان و نەتەوەی جیاوازین، لە ویژدانماندا ئەزموونی زۆرمان دیوە لە جەورو ستەم و چەوساندنەوەو پاوانخوازی کە رژێمە فرەسەرچاوەکان پیادەیان کردووە، ئەو رژێمانە پشتیوانیی و هاوکارییان لەسەر هەموو ئاسستێك لە دەوڵەتانی رۆژئاوا وەردەگرت، جارێك لە فەرەنساو ئیتاڵیا و بەریتانیاو ئیسپانیاو هۆڵەندا، جارێکی دیکەش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەم شێوەیە.من بەتەواویی تۆپەکە هەڵنادەمە ئەم یاریگایە، چونکە ئەو یاریزانانە زانیان چۆن یارییەکە ببنەوەو دەوڵەتانی ئێمەیان دابەشکرد و پارچەپارچەیان کرد و گەلەکانیان لەژێر بارگرانیی نەخوێندەواری و هەژاری و بێبەشبوون هێشتەوە، نەخوێندەواریی رۆشنبیری، هەژاریی ئابووری و بێبەشکردنی سیاسی.

سەنتەرەکانی توێژینەوە لە دەوڵەتانی رۆژئاوا لەسەر حەق بوون کاتێ بینیان کە دیموکراسی پاڵ بە ئیسلامی سیاسییەوە دەنێت بۆ گەیشتن بە ناوەندەکانی بڕیار، چونکە ئەوان چاك دەزانن کە پێشتر لەگەڵ کێ دەوەستان، دەشزانن کە رژێمە سیاسییەکان کە پێشتر پاڵپشتییان دەکردن و دروشمی نەتەوەیی و سۆسیالیستیان بەرزدەکردەوە لە راست و چەپ، ئەوانە لەژێر چەتری سیاسی و ئەمنی و سەربازیی ئەواندا هەناسەیان دەدا، تاکە لایەنیش کە چەوساوەو پەراوێزخرابوو گەلان و کەلتوورو مێژووی ئەم ناوچەیە بوون، من لایەنگری ئەو خوێندنەوەم کە دەڵێت: دیموکراسی بەتەنیا بەس نییە بۆ لەناوبردنی تیرۆر، بەڵکو هەژاری و نەخوێندەواری و بێبەشکردن ئەو فاکتەرانەن کە تیرۆر لە ناوچەکە بەهێزدەکەن.

کارکردن لەسەر زیادکردنی هۆشیاری لای گەلان و پشتیوانیکردنی دامەزراوەکانی کاری مەدەنی و بەهێزکردنی رۆڵی یاسا بۆ پاراستنی ئازادیی رادەربڕین و ئازادییە گشتییەکان و بواردان لەبەردەم راهێنانە

ديموكراسييەكان، بوارێكی ديكەی هيوا بە گەلان دەبەخشن بۆ گۆڕانكاری و بەديهێنانی دادپەروەريی كۆمەڵايەتی.

نەوزەت سواش ڕۆژنامەنووسی تورك ئاماژەی كرد بۆ گرنگيی سيمينارەكە و بە پێويستی لەقەڵەمدا لەم قۆناخە مێژووييەی ناوچەكەی پێدا تێدەپەڕێت كە پێويستی بە لێكگەيشتن و ديالۆگی زياتر هەيە بۆ بەديهێنانی بەرژەوەندييە هاوبەشەكان و سەقامگيری. دوای ئەم دانيشتنە، چەندين دانيشتنی داخراوی بەدواداهات تايبەت بە گفتوگۆی درێژ و قوڵ و ڕاگەياندنێكی لێكەوتەوە:

دەقی ڕاگەياندنی تونس دەربارەی ديالۆگی (چوار نەتەوە)

ئێمەی كۆمەڵێك ڕۆشنبيرو چالاكوانی مافناس و مەدەنی لە هەر چوار نەتەوەكە (كوردو تورك و ئێرانی و عەرەبی) لە ڕۆژانی ٢٣و ٢٤و ٢٥ی ديسەمبەری ٢٠١٦ لە تونسی پايتەخت كۆبووينەوە، بەپێی ئەم بنەما پرەنسيبانە:

يەكەم: ديموكراسی، بە هەموو ماناكەيەوە لە ڕێزگرتنی مافەكانی مرۆڤ و ئازادييە گشتييەكان و پابەندبوون بە ميكانيزمەكانی حوكمڕانی باش.

دووەم: ئاشتی، هەموو ئەوشتانەی ئاماژەن بۆ بەهاكانی ناتوندوتيژی و لێبووردەيی و ديالۆگ و بەرەنگاربوونەوەی ئەشكەنجەو پاراستنی مافەكانی كۆمەڵە ڕۆشنبيرييەكان و سەرجەم شێوەكانی فرە ئيتنی و زمان و ئايين و تائيفە.

سێيەم: پەرەپێدان، بە هەموو ئەوانەی كە دەيانگرێتەوە لە پابەندبوون بە بنەماكانی بەردەوامبوون و حوكمدارێتی و هاوكاريی ئابووری و ئاڵوگۆڕی زانستی و ڕۆشنبيری و پەيوەنديی كۆمەڵايەتی وكاری هاوبەشی نێوان گەلانی ناوچەكە كە پێشكەوتنی دەوڵەتان و خۆشگوزەرانيی كۆمەڵگاكانی تێدايە. ئەم ئامانجانەشمان بۆ خۆمان دارِشت و كاردەكەين بۆ بەديهێنانيان بەپێی توانا و لە كاتێكی دياريكراوی گونجاودا:

يەكەم: كاركردن بۆ لێك نزيكردنەوەی بيروبۆچوونی نێوان نەتەوەكانمان كە هاوكارن بۆ دۆزينەوەی چارەسەری گونجاو بۆ كێشە گەورەكان.

دووەم: بەشداريكردن لە بڵاوكردنەوەی كەلتووری ديالۆگ و پاڵپشتيكردنی بەها مرۆييەكان و بەرەنگاربوونەوەی فيكرو پرۆژە دەمارگيريی و پەڕگيری و تيرۆرييەكان كە كار بۆ كاولكردنی ناوچەكە دەكەن و ڕابردوو ئێستاو ئايندە لەبەين دەبەن.

سێيەم: هاندانی ناوەندەكانی بڕيار بۆ بنيادنانی سياسەتی داناياتە كە پشت ببەستێت بە كەناڵەكانی پەيوەنديی بنيادنەرانەو هاوكاری و كاری هاوبەش لەنێوان دەوڵەت و هەرێمەكانی چوار نەتەوەكە كە هاوكارە بۆ زامنكردنی بەرژەوەندييەكانيان و بەديهێنانی ئامانجەكانيان.

دوای تێڕوانينی واقيعی ناوچەكەو ديراسەكردنی توانای بەردەستمان، بڕيارمان دا لەسەر زامنكردنی بەردەواميی دەستپێشخەرييەكان ئەم ڕێگايانە بگرينەبەر:

يەكەم: ڕێكخستنی ديداری ساڵانەی هاوبەشی ديالۆگی چوار نەتەوەكە، لەگەڵ هەوڵدان بۆ ميوانداريكردنی ديدارەكە بە نۆرە لەلايەن هەر چوار نەتەوەكە، هەروەها فراوانكردنی، تاكو ژمارەيەكی زۆری ڕۆشنبيران و چالاكوانانی مەدەنی لەخۆبگرێت.

دووەم: كردنەوەی ماڵپەڕێك لە ئەنتەرنێت و چەند لاپەڕەيەكی تۆڕی كۆمەڵايەتی، ئەمە دەبێتە ئامراز بۆ بەديهێنانی زياتری پەيوەنديی نێوان ڕۆڵەكانی ناوچەكە و پێناسەكردنی زياتری گرنگيی دەستپێشخەرييەكە.

سێيەم: ڕاسپاردنی پەيمانگەی عەرەبی بۆ ديموكراسی لە تونس تا ئەركی سكرتاريەت و بەڕێوەبردنی كاروباری ديدارەكە لەئەستۆبگرێت، هەروەها پێشنياركردنی پلان بۆ چالاكييەكانی و پێكهێنانی ليژنەيەكی باڵای بەدواداچوون لەنێوان بەشداربووانی سيمينارەكە، كە كاربكات بۆ نەخشەسازيی و بنيادنانی ستراتيژگەلێكی زامنكار بۆ سەرخستنی ڕێڕەوەكەو دەرككردن بەو ئامانجانەی كە لەپشت خستنەڕووی ئەم دەستپێشخەرييەوە بوون.

لە كۆتاييدا بەشداربووان ڕێككەوتن لەسەر گرتنەبەری ئەم هەڵوێستانەی خوارەوە لەهەمبەر كێشە سەرەكييەكانی ناوچەكە:

يەكەم: بەشداريكردن لە هاندانی هەموو هێزە ديموكراسيخوازو ڕزگاريخوازو ڕۆشنگەرەكان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی پرۆژەی تيرۆريستی داعش و هەموو پرۆژەكانی هاوشێوە.


دووەم: بانگەوازكردن بۆ پارێزگاريكردن لە سەربەخۆيی بڕياری نيشتمانی و پێدانی ئەولەويەت بۆ دۆزينەوەی چارەسەر لەنێوان ڕۆڵەكانی ناوچەكە بۆ كێشە دياريكراوەكان، بەشێوەيەك كە دەستتێوەردانی دەرەكی دووربخاتەوەو تواناكانی خوديی ئەو چوار نەتەوەيە بەهێزبكات.

سێيەم: هەوڵدان بۆ پشتيوانيكردنی ڕێڕەوەكانی گواستنەوەی ديموكراسی لە ناوچەكە، لە سەروويانەوە ئەزموونی پێشڕەوی تونس و بانگەوازكردن بۆ چاولێكردن و گشتاندنی ئەو وانانەی سووديان لێوەرگيراوە بە فراوانترين چوارچێوە كە دەستەبەربكرێت.

بژی برايەتی و دۆستايەتی نێوان چوار نەتەوەكە
تونسی پايتەخت لە ٢٥ی ديسەمبەری ٢٠١٦

**لەم قۆناخە مێژووييەی ناوچەكەی پێدا تێدەپەڕێت پێويستی بە لێكگەيشتن و ديالۆگی زياتر هەيە بۆ بەديهێنانی بەرژەوەندييە هاوبەشەكان و سەقامگيری**

# ساڵی تازە چی بۆ گەلی کورد لەهەگبەدایە؟



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لەسەروبەندی بەڕێکردنی ساڵی رابردوو و پێشوازیکردن لە ساڵی تازەدا هەموو میللەتان دەڕواننە رۆژێکی باشترو ئایندەیەك کە تێیدا خۆزگەو ئامانجەکانیان بێتەدی، ئەوەی کە پەیوەستە بە کوردیشەوە وەك گەلێك هەردەم دەڕوانێتە ئازادی و رزگاربوونی یەکجارەکی، چونکە هیواو ئامانجەکانیان رەوایە و لەوەتەی سەدەی نۆزدەیەمەوە نەوە دوای نەوە ئاواتی بەدیهێنانی مافی چارەنووس و ژیانێکی ئاشتییانە دەخوازن لەگەڵ دراوسێکانیان و هاووڵاتیانی گەلانی دیکە بە تایبەتی عارەب و تورك و ئێرانیەکان و پێکهاتەکانی دیکە، هیوادەخوازن شەڕو ناخۆشی و پەلامارو ئێش و ئازارو چەوسانەوەو سەرکوتکردن و گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافی دەرحەق ئەو وڵاتانانەی کە کوردین و چەند سەدەیەکە بۆتە شانۆی ململانێی دەوڵەتان کۆتایی بێت.

بەر لە چوونە نێو وردەکاریی ئەگەرەکانی داهاتووی کورد لە ساڵی تازەدا، پێویستە ئەو هێزانە دەستنیشان بکەین کە لەسەر ئەو رووبەرە جوگرافیایە بوونیان هەیە کە گەلانی دیکەیان تێدا دەژین، هەروەها ئەو پڕۆژانە دەست نیشان بکرێن دەربارەی ئایندەی ناوچەکەو گەلان لەوانە گەلی کورد، ئەو پڕۆژانەش کە لەئێستادا بوونەتە بنکەی ململانێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناونیشانی سەرەکین لە سەروویانەوە:

یەکەم: پڕۆژەی فراوانخوازیی ئێرانی لە رووکەشدا ئایینی و مەزهەبییە و لە ناوەڕۆکدا نەتەوەیی و فارسیی و مەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتە لە سەرجەم ناوچەکەدا هەر لە جەلەولاوە تا دەگاتە کەنارەکانی سووریا و لوبنان و کۆتاییەکەی لە یەمەن و دەوڵەتانی کەنداو دەبێت، رژێمی ئێران رێکەوتننامە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ رۆژاوا قۆستەوە تاکو جبەخانەی هێرشکاریی سەربازیی خۆی زیاتربکات بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەکانی دیکە لەوانەش گەلی کوردستانی ئێران کە مافەکانیان پێشێل دەکات، بێگومان ئەم پڕۆژەیە دژی خواست و ئامانجەکانی کوردە لە سەرجەم ناوچەکەدا، هەروەها دەبینین چۆن تاران لە عێراق پشتگیریی ناوەندەکانی شیعە و میلیشیا مەزهەبییەکان دەکات کە لە بنەڕەتدا دژایەتیی ماف و ئامانجەکانی گەلی هەرێمی کوردستان دەکات، هانی هەندێ حزب و تاقمیش دەدات لە سلێمانی و کەرکوك دژی سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێم بە مەبەستی نانەوەی دووبەرەکی و ئاژاوە لە ریز کورددا.

رژێمی ئێران بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتیی مەینەتیی سورییەکانی لە ئەستۆدایە بەتایبەتیش کوردی سووریا، چونکە رێنیشاندەری پەکەکە بووەو پاسداران، فەیلەقی قودس و قاسم سولەیمانی بەشداربوون لە گواستنەوەی چەکدارانی پەکەکە لە قەندیلەوە بۆ سووریا بەتایبەتیش بۆ ناوچە کوردنشینەکان کە بە زەبری چەك و بە پاڵپشتی رژێمی ئەسەد دەسەڵاتیان لەو شوێنانەدا گرتەدەست بە هێزی لقی سووریای پەیەدە کە دژی هەموو ئەوانەیە لە ناوچەکە کە سەرپێچیان دەکەن، بەمەش دانیشتوانە رەسەنەکەی لێ دەرکرد، هاوکات ئێران رۆڵیشی هەبوو لە تێکدانی پرۆسەی ئاشتیی تورکیا – کورد.

دووەم: پڕۆژەی فراوانخوازیی تورکیا کە پشت دەبەستێت بە خەونەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە کۆنترۆڵکردنی چارەنووسی گەلانی ناوچەکە بە ناوی خەلافەتی سوننەو بە سەرۆکایەتیی تورك کە داننانێت بە مافی چارەنووسیی نەتەوەکان و لە پێشەوەیان گەلی کورد، ئەوانەی ئەو پڕۆژە پەیڕەودەکەن دژایەتیی تەواوی مافەکانی کورد دەکەن نەك هەر لە تورکیا بەڵکو لە هەر شوێنێك کە کوردی لێ بێت.

سێیەم: سیاسەتی رووسیا لە ناوچەکە، کە بۆتە پڕۆژەیەکی تەواو بۆ دەسەڵات سەپاندن دوای ئەوەی دەستیگرتووە بەسەر جومگەکانی بارودۆخی سووریادا و بنیادنانی بنکەی وشکانی و دەریایی سەربازی، هاوکات ئەم پڕۆژەیە خۆی لەوەدا بینییەوە کە پڕۆسەی ئاگربەست رادەگەیەنێت و دواتر پاشگەزدەبێتەوە چونکە هەر خۆی واتا رووسیا هاوپەیمانیی رژێمی ئەسەدە، رووسیا رۆژانە خەڵکی سڤیلی سووریا دەکوژێت و

بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو وڵاتە قایمتردەکات و هەڵوێستی هەلپەرستانەی خۆی لە هەمبەر کێشەکانی ناوچەکە ئاشکرادەکات، بەتایبەتیش کێشەی کورد دوای رێککەوتن لە گەڵ تورکیادا و رووسیاش هەرگیز لەگەڵ مافی چارەنووسی کورددا نییە .

چوارەم: ناکرێت بۆچوونەکانی ئەمریکاو ئەورووپا تایبەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پڕۆژەیەکی روون و دیار و یەکگرتوو دابنرێت، ئەوەی کە ئێستا کۆیان دەکاتەوە تەنیا شەڕە دژی تیرۆر، نەك لەپێناو لەناوبردنی دەوڵەتی خەلافەت(داعش)لە سووریاو عێراق، بەڵکو بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆو رزگاربوونە لە بەرپرسیارێتیی ئاوارەبوون و کۆچکردن، بێگومان هەڵوێستەکانی رۆژئاوا بەگشتی دژی مافەکانی کورد نییە، بەڵام راڕاو دوودڵییە سەبارەت بە شێوەو وردەکاریی مافی چارەی خۆنووسی و یەکێتیی وڵاتەکان و سنوورە نێودەوڵەتییەکان، ئەمەش پەیوەستە بە پرسی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو نەوت و ئاسایشی ئیسرائیل بەشێوەیەکی تایبەتی، هەروەها هەندێ ئاماژە هەن کە رۆژئاوا، خۆی ئامادەکردووە بۆکارکردن لەسەر کێشە ناوخۆیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەسر حیسابی تێوەگلان لە کاروباری دەرەوەو سەربازیدا.

فاکتەری خودی لاوازترین ئەلقەیە لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا، لەلایەك هیچ یەکێتییەکی نەتەوەیی لە ئارادا نییە، هەتا ئەگەر لە ئاستە نزمەکەیشیدا بێت لەنێوان ناوەندو حزبەکانی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، بەڵکو ململانێی گەرم وسارد دەبینین، هەرچەندە دوو ئاراستەی فیکریی سیاسی هەن یەکێکیان نەتەوەیی دیموکراسیی میانڕەوە کە ناوەندی هەرێمی کوردستانی عێراق سەرکردایەتیی دەکات و سەرۆك مسعود بارزانی هێمای ئەو ناوەندەیە، ئەوی دیکە سەرکێشەو پەیوەستە بە هێزە ئیقلیمییەکان کە ناوەندی سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل بەرجەستەی دەکات، بەڵام ئاکارەکانی ململانێ هێشتا گەڵاڵە نەبووە لەسەر ئاستی میللی، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەمتەرخەمیی لە ئاراستە میانڕەوەکەدایە تایبەت بە چەسپاندنی بنکەکانی فیکری و سیاسی و رێکخستنەوە، هەروەها دانانی بەرنامەیەك بۆ خەباتی دیموکراسیی هاوبەش. بەڵام لەسەر ئاستی بارودۆخی ناوخۆ لە هەر بەشێك بەجیا، دیارە رەوشەکە زۆر خراپە، چونکە حزبە کوردییەکان کە شکستخواردوو و بێدەسەڵاتن لەپێشەوەی دیمەنەکەدا، ئەو حزبانە هیچ پڕۆژەیەکی روون و یەکلاکەرەوەی نەتەوەیی ونیشتمانییان نییەو لەسەر پەرچەکردار کاردەکەن، لە مێژووی خۆیاندا هیچ چاکسازی یان گۆڕانکارییان لە فیکرو سەرکردایەتییەکانیاندا نەبووە، تەنانەت ئەو حزبانە کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی بە هەزارانن، زۆر دوورن لە نەریتە دیموکراسییەکان و هەماهەنگیی هاوبەشییان نییە و لێکدانەوەی جیاوازیشیان بۆ پرەنسیبی مافی چارەنووس هەیەو بەشێکی زۆریشیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی لایەنە شۆڤینییەکانی حوکمڕان لە تاران و ئەنکەرەو دیمەشق و تەنانەت بەغدا.

لە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنم بۆ زۆر پرسی پەیوەست بە ئایندەی کورد لەگەڵ براو هاوڕێکانم لە بیرمەندو سیاسەتوان و راگەیاندکارانی کورددا، گرنگ نییە ئەگەر هەندێکیان بە رەشبین باسم بکەن، چونکە فاکتەری خودی بنەمایە، من لە ئێستادا ئەم فاکتەرە بە نەرێنی دەستنیشان دەکەم، بەڵام لەهەمان کاتدا وای دەبینم کە دەکرێ لە نەرێنییەوە ببێتە ئەرێنی بە بوونی چەند مەرج و هۆکارێك، کاتێ ئیرادەو بڕیار و بەرنامە دەستەبەردەبن، بۆ نموونە هەندێ هەن ئومێدیان بە فاکتەری دەرەکی و رۆژئاوایی و ئیسرائیلی هەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئەگەر ئەمە ئاواتێکی رەوا بێت مەبەست مافی چارەنووس بێت بۆ کورد، ئەوا ئامرازو میکانیزمەکە بەسوود نابن، چونکە رۆژئاوا هاوسۆزە لەگەڵ کورد لە روانگەی پێشمەرگەو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەوە، کە تا سەر بەردەوام نابێت، بەڵام ئیسڕائیل بەدوای شەریکێکدا دەگەڕێت و ئەگەر ئەو خاوەنی چەکی ئەتۆم بێت و بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، ئەوا کێشەی کورد جیاوازە لەگەڵ ئەزموونی ئیسڕائیل، چونکە کورد دوژمنی عەرەب و تورك و ئێرانییەکان نین و خاکی کەسیان داگیرنەکردووە، کێشەکەیان بە ئاشتییانە چارەسەردەکرێت، بەرژەوەندیی کورد لە پێکەوەژیاندایە لەگەڵ سەدان ملیۆن عارەب و تورك و ئێرانی، نەك لەگەڵ چەند ملیۆن ئیسڕائیلی کە لەسەر سنووری کوردستان نین.

پێش نزیکەی هەفتەیەك لە تونس بە دەستپێشخەریی پەیمانگەی عەرەبی بۆ دیموکراسی دیدارێك لەنێوان رۆشنبیرانی (چوار نەتەوە) عارەب و تورك و ئێرانی و کورد رێکخرا، من یەکێك بووم لە بەشداربووان بە درێژیی گفتوگۆ لەسەر لێبووردەیی و داننان بە بوون و ماف و دیموکراسی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو مافی چارەی خۆنووسینی گەلان کرا، ئێمە ئەزموونی هەرێمی کوردستانمان بە هەموو شانازییەکەوە خستەڕوو دەربارەی هەڵوێست لەهەمبەر نەتەوەو ئایینەکانی کوردستان کە بەیەکەوە دەژین، تا ئەو رادەیەی کە هەرێم تاکە شوێن و مێرگە بۆ ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ نەتەوەو بیروباوەڕە جیاجیاکان لای کوردو کریستیان و تورکمان و عارەب و ئەرمەن، بۆیە دەڵێین پێگەی ئێستای هەرێم و رێزی گەورەی سەرۆك مسعود بارزانی دەرفەتێکی مێژوویی پێکدەهێنن بۆ رێکخستنەوەی هەردوو ماڵی کوردو کوردستان و بەدیهێنانی خواست و ئامانجە رەواکانی کورد بە ویستی خۆیان.

**پێگەی ئێستای هەرێم و رێزی گەورەی سەرۆک مسعود بارزانی دەرفەتێکی مێژوویی پێکدەهێنن بۆ رێکخستنەوەی هەردوو ماڵی کوردو کوردستان و بەدیهێنانی خواست و ئامانجە رەواکانی کورد بە ویستی خۆیان**

**بەر لە چوونە نێو وردەکاریی ئەگەرەکانی داهاتووی کورد لە ساڵی تازەدا، پێویستە ئەو هێزانە دەستنیشان بکەین کە لەسەر ئەو رووبەرە جوگرافیایە بوونیان هەیە کە گەلانی دیکەیان تێدا دەژین، هەروەها ئەو پڕۆژانەش دەست نیشان بکرێن دەربارەی ئایندەی ناوچەکەو گەلان لەوانە گەلی کورد**

**ئێران بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتیی مەینەتیی سورییەکانی لە ئەستۆدایە بەتایبەتیش کوردی سووریا، چونکە رێنیشاندەری پەکەکە بووە، پاسداران و فەیلەقی قودس و قاسم سولەیمانی بەشداربوون لە گواستنەوەی چەکدارانی پەکەکە لە قەندیلەوە بۆ سووریا بە تایبەتیش بۆ ناوچە کوردنشینەکان**

# باشووری کوردستان ڕووی لە ئایندەیەکی گەش و چارەنووسسازە



د. عومەر ڕەنگێنەیی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

هەر چاودێرو توێژەرێکی سیاسی و بەویژدان و بیرتیژ شرۆڤەی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی سێ ساڵی ڕابردووی عێراق و ناوچەکە و کوردستان و بەتایبەتی پارساڵ بکات، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە کوردستان بەگشتی و باشوور بەتایبەتی بەرەو گۆڕانکاریی چارەنووسساز هەنگاو هەڵدەگرێت و ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانی دەکات. واتە میکانیزم و هەل و مەرجگەلێکی لەباری سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕەخساوە کە لە سەدەی ڕابردوو و پێشتریش دەرفەتی لەوجۆرە بۆ کورد بوونی نەبووە.

سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستیی داعش و ئاکارە قێزەوەنەکانی دژی مرۆڤایەتی بەگشتی و کورد و ئایینزاکانی دیکەی کوردستان و عێراق بەتایبەتی، ئەوەی خستەڕوو کە هێزەکانی پێشمەرگە تاکە هێزی زەمینی ناوچەکەن کە بە جددی و بەبێ هیچ چارشێو و دەمامکێك لەباتی گەلانی ناوچەکەو جیهان تا کۆتاییهێنان بە دواچەکداری داعش و هاوبیرەکانیان نەبەردانە دەجەنگن و هەردەم لەخەمی پاراستنی بەها باڵاکانی مرۆیی و ئایینییەکاندان. هەر لەم سۆنگەیەوە بۆ جاری یەکەم کۆمەڵگەی نێودەوڵی بەگشتی و هاوپەیمانی دژی داعش لەوە گەیشتن کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەتەوەیەکی مەزن و زیندووی مرۆڤدۆست بوونی هەیە، ئەویش ناوی کوردە، ئەوە بۆ سەدەیەکیش دەچێ قوربانی دەستی تیرۆری سیاسی و ڕەشەکوژی و جینۆساید بووە، لەهەمان کاتیشدا دەرفەتی ڕاستەقینەی بەرگری لەخۆکردنی پێنەدراوە، بەڵام کاتێك ئەو دەرفەتەی لە ڕێگەی هێزی پێشمەرگەوە بۆ ڕەخسا، دەرکەوت کە گەلی کوردو هیزە بەرگریکارەکەی - لە کاتی جەنگ و ئاشتیشدا - هێزیکی مرۆڤدۆست و پابەندن بە بەها باڵا مرۆییەکانەوە، هەر ئەوەش وایکرد کە هێزە کاریگەرە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵی گەلی کورد و پێشمەرگەی کوردستان لەبەرچاو بگرن و گرنگی پێ بدەن و وەکو هێزێکی هاوپەیمانی کاریگەری خۆیان لەو جەنگەدا سەیری بکەن.

هەڵبەتە نابێت ئەوەش لەبیر بکرێت کە لە پشت سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەشەوە بەسەر هێزی تیرۆریستیدا، سەرکردایەتییەکی دڵسۆزو بەئەزموونی کاریگەریش ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، بۆ گرێدانی پێوەندی و هەماهەنگی دیپلۆماسی و لۆجیستی و سەربازی دژی تیرۆر کە لەخودی هێژا سەرۆکی هەرێمدا خۆی دەبینێتەوە، هەر لەم سۆنگەیەشەوە: دەوڵەتانی کاریگەری دژی تیرۆر گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە پێویستە مامەڵەی فەرمی و هاوشێوەی وڵاتێکی سەربەخۆ لەگەڵ سەرۆك و حکومەتی کوردستاندا بکەن. بۆیە ناکرێت هەرگیز سەردانی چەند جارەی کەسێکی وەکو سەرۆکی فەرەنساو سەرۆك وەزیرو وەزیرانی دەرەوەو بەرگری و فەرماندە سەربازییە هەرە باڵاکانی وڵاتانی ئەمەریکاو ئەوروپاو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر بۆ کوردستان نادیدە بگرین،

چونکە ئەوانە هەمووی دەچنە بواری پڕۆتۆکۆڵات و بەفەرمی ناساندنی حکومەتی کوردستان، بەتایبەتی دواهاتنی فرانسوا ئۆلاندی سەرۆکی فەرەنسا لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا

کە هەموو ئەتەکێتێکی پرۆتۆکۆڵی و بە فەرمی ناساندنی کوردستانی پێوە دیار بوو. کەواتە سەرکەوتنە مەزنەکانی پێشمەرگەو گەڕاندنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ ژێر ڕکێفی هیزەکانیان، بە ڕەزامەندیی هێزە کاریگەرە نێودەوڵەتییەکان و بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە، زۆر بەتایبەتیش بەبەرچاوی هێزە دژەکانی پرسی سەربەخۆیی کوردستان لە ناوچەکەدا، ئاماژەگەلی هەرە ڕوونن کە کوردستان بەرەو ئایندەیەکی گەش و چارەنووسساز هەنگاودەنێت. بۆیە زۆر گرنگە هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی سەرلەنوێ بەخۆیاندا بچنەوە، تاوەکو لە ئاستی ئەم پێشهاتە گرنگانەو دۆخەکەدا بن و ئامانجە گەورەکەمان کە پرسی سەربەخۆییە لەبارنەچێت، ئەوەش تەنیا بە لێبووردەیی یەکڕیزی و بەخۆداچوونەوەی ئەرێنی مسۆگەر دەبێت. هەر بۆ نموونە کاتێك قسە لەسەر ئەوە کرا کە بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی ڕووەو یەکگرتنەوە دەڕۆن، جۆرێك لەهیوای بەخشییە خەڵکی دەڤەرەکانی زۆنی (سەوز نیلی) لەپێناوی کۆتاییهێنان بەو پشێوی و بێ سەروبەرییەی دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکانی ئەو دەڤەرانەی گرتۆتەوە، کە دڵەڕاوکێ و نائارامییەکی دەروونیی ئێجگار زۆری لەلای خەڵکی دروست کردووە، چونکە زۆر بەزەقی هەست بە دەستتێوەردانی دەرەکیی دەرو دراوسێ لەو دەڤەرانە دەکرێت، بەڵام کە ئەوە نەبوو، پێناچێت بشبێت، بەڵام لەئێستادا زۆر گرنگە هەر دوو هێزە گەورەکەی باشووری کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) کە پێشتریش هاوپەیمانی و هاوهەڵوێستییان لەسەر پرسە نەتەوەییەکان کاریگەری زۆر ئەرێنی هەبووە لەفەراهەمبوونی دەستکەوتە مەزنەکان، لەئێستادا یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی ئەم دوو هێزە -ئەگەر دڵسۆزی گەل و نیشتمان لەخۆ بگرێت- دەرەنجامی زۆر چارەنووسساز بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە دەستکەوتی گەورە بە لەخۆبوردن و هەنگاوی گەورە وەدی دێت، تەنیا شتێکیش کە بتوانێت کۆتایی بە دەستتێوەردانی دەرەکی و نەیارانی سەربەخۆیی کوردستان بێنێت، بۆیە پێویستە هەموو هێزە سیاسی و سەربازییەکانی کوردستان بەگشتی و باشوور بەتایبەتی گوتەو کردارو هەڵوێستی خۆیان یەك بخەن لەپێناوی ستراتێژیکی هاوبەشداو پێکەوە کار بۆ ئایندەی خەڵك و خاکی کوردستان بکەن، ئەوەش شاراوە نییە کە هێزە نەیارەکانی سەربەخۆبوونی باشوور لەمێژە خۆیان بۆ دژایەتی ئەو پرسە مەڵاس داوە و ئەگەر بۆیان بلوێت سێ و دوو بۆ لەناوبردنی ناکەن. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر هەر هێزێك بەپێچەوانەی تەوژمی بەرژەوەندیی باڵاو خەونە لەمێژینەکانی دانیشتووانی کوردستانەوە بجمێ، ئەوە ئۆباڵی هەر شکستێکی سیاسی دەچێتە ملی ئەو هێزەو مێژووش بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە، خاڵی هەرە گەشیش بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوکەمان ئەوەیە: کە قەوارەیەکی سیاسیی خۆماڵیمان هەیەو هێژا سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دەستپێشخەرییەکی بۆ پێکهاتن و یەکڕیزیی هێزو لایەنە سیاسییەکان خستۆتەڕوو کە دەشێت بکرێتە هەوینی یەکگرتنەوەی لایەن و هێزە سیاسییەکان و پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش و فرەڕەنگ، بەڵام بەهێز و ستراتیژی نەتەویی و ئامانجی سیستەماتیکی و بە دەوڵەتبوونی نوێخوازانەو ڕاستەقینە کە وانەی باشی لە هەڵە ئیدارییەکانی ڕابردوو وەرگرتبێ.

لەڕاستیدا بۆ وەدیهاتنی ئەم ڕەوشە، زۆرگرنگە بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئیدارەی هێزێکی زەبەلاحی سەربازی و ئاسایشی دەکات لەهەرێمی کوردستان، پێداچوونەی گرنگ لەناوخۆیدا بکات و لە دابەشبوون خۆی قوتار بکات، تاوەکو ڕۆڵی کاریگەری خۆی وەربگرێتەوەو ببێتە پشتیوان بۆ دروستکردنی حکومەتێکی بەهێز لەگەڵ هاوپەیمانە کۆنەکەی و سنوورەکانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی خۆی لەگەڵ حوکمڕانیی بەغدا جارێکی دی تۆکمە بکاتەوە، تاوەکو بەرەی شیعیزم کە لە تاران و بەغداوە سەرچاوەدەگرێت، کوردستان و خەڵکەکەی نەکەنە دەستەچیلەی ئاگری خۆیان بۆ ململانێی تائیفی و مەزهەبییەکانیان کە بێجگە لە زیان هیچی بۆ کورد لێناکەوێتەوە. لەهەمان کاتدا ئاماژە سەرەتاییەکانی هاتنەوە سەرکاری پارتی کۆماری لە ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی (دونالد ترەمپ) ئەوە دەگەیەنن کە ئەمجارەش کورد لە باشوور زێدەتر جێگەی گرنگیپێدانی ئەو وڵاتە بێت و لەوێشەوە دەستکەوتی زیاتر بۆ کورد فەراهەم ببێت، ئەگەر بێتو هێزە سیاسییەکان بە کۆدەنگی و یەکڕیزی بەپیر پرسی سەربەخۆیی کوردستانەوە بچن.

---

*سەرۆکی ڕێکخراوی بزاڤی ئاشتی ناوخۆیی- سلێمانی

**زۆر گرنگە هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی سەرلەنوێ بەخۆیاندا بچنەوە، تاوەکو لە ئاستی ئەم پێشهاتە گرنگانەو دۆخەکەدا بن و ئامانجە گەورەکەمان کە پرسی سەربەخۆییە لەبارنەچێت**

**ناکرێت هەرگیز سەردانی چەند جارەی کەسێکی وەکو سەرۆکی فەرەنساو سەرۆک وەزیرو وەزیرانی دەرەوەو بەرگری و فەرماندە سەربازییە هەرە باڵاکانی وڵاتانی ئەمەریکاو ئەوروپاو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر بۆ کوردستان نادیدە بگرین**

**هاتنەوە سەرکاری پارتی کۆماری لە ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی (دونالد ترەمپ) ئەوە دەگەیەنن کە ئەمجارەش کورد لە باشوور زێدەتر جێگەی گرنگیپێدانی ئەو وڵاتە بێت و لەوێشەوە دەستکەوتی زیاتر بۆ کورد فەراهەم بێت، ئەگەر بێتو هێزە سیاسییەکان بە کۆدەنگی و یەکڕیزی بەپیر پرسی سەربەخۆیی کوردستانەوە بچن**

### ئیکارت وۆرتز پسپۆڕی کاروباری نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# کێشەی هەندێ لەدەوڵەتانی ناوچەکە ئەوەیە ناتوانن ئەرکەکانی خۆیان ئەدا بکەن

*** چۆن لەو بارودۆخە دەڕوانیت کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئارادایە، بەتایبەتی لەپێوەندی بە داڕووخانی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە؟**

- پێموایە مەسەلەکە ئەوە نییە ئایا دەوڵەتەکە خۆسەپێنە، یان دیموکراتییە، بەڵکو لەئێستادا پتر پەیوەستە بەوەی دەوڵەت بێتوانایە لەجێبەجێکردنی ئەرکە گشتییەکانی، وەك ئەوەی لە سووریا و لیبیا و یەمەن و هەروەها لەعێراقیشدا بەدی دەکەین.

*** چۆن لەئاکامی ئەم شسکتە دەڕوانیت لەسەر ئاستی جیهانی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی کە بۆتە هۆی ئەوەی شەپۆلێکی گەورەی کۆچبەران روو لە وڵاتانی ئەورووپا بکەن؟**

- لە راستیدا زۆربەی ئاوارەکان هەر لە وڵاتانی ناوچەکەدا نیشتەجێ بوون، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوەش راستە کە ئەورووپا نیگەرانە لەم بارەیەوە، لەبەر ئەوە دەبێت زیاتر پرسیاری ئەوە بکەین کە ئایا بوونی ئەم ژمارەی زۆرەی ئاوارە چ کاریگەرییەکی لەسەر سەقامگیری ئەو وڵاتانەی ناوچەکە دروست کردووە کە ئەو پەنابەرانەیان لەخۆ گرتووە، وەك لوبنان و ئەردەن؟

*** پێشبینیت چییە لەبارەی هەڵوێستی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکاوە لەپێوەندی بە خستنەگەڕی هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- زەحمەتە بزانین هەڵوێستی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا چی دەبێت، لەبەر ئەوەی بەڕێز ترەمپ لێدوانی ناکۆك بە یەك و بگرە دژ بە یەکی داوە. بەڵام رەنگە ئەمە هەواڵێکی خۆش بێت بۆ رژێمە خۆسەپێنەکان وەك رژێمی سووریا، یان رژێمەکەی سیسی، یان وڵاتانی کەنداو، لەبەر ئەوەی چیتر رووبەڕووی گلەیی نابنەوە لەبارەی پێشێلکارییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤەوە. هەروەها پێدەچێت سیاسەتەکانیش ناکۆك بەیەك بن، بۆ نموونە وا دەردەکەوێت کە بیەوێت دەستی رووسیا لە سووریادا واڵا بکات و شەڕی دژ بە داعش بکات بە ئەولەوییەت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەیەوێت فشاری زیاتر لەسەر ئێران دروست بکات، کە پشتیوانی ئەسەدە و هەڵوێستی باش نییە لە ئاست رێککەوتنە ناوکییەکەدا.

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەدا هاوڕایت کە چارەسەرکردنی قەیران و تەنگژەکانی ئەم ناوچەیە پێویستی بەخستنەگەڕی هەوڵێکی نێودەوڵەتی هەیە؟**

- ڕەنگە ئەمە یارمەتیدەر بێت، هەروەها کارێکی باش دەکەن ئەگەر بێتو کەمتر دەستتێوەردان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکەدا بکەن، بۆ نموونە کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی رووسیاو وڵاتانی ناوچەکە لە وڵاتی سووریادا. بەڵام هەر دەبێت ناوچەکە خۆی چارەسەرێك بۆ ئەم کێشانە بدۆزێتەوە.

*** چۆن لە سروشتی ئەو کێشەو قەیرانانە دەڕوانیت کە لەناوچەکەدا لەئارادان، بۆ نموونە ئایا پێتوایە بەڕاستی ناکۆکییەکی تائیفەگەری لەئارادایە، یاخود مەسەلەکە ئەوەیە مەسەلەی تائیفەگەری بەکارهێنراوە بۆ برەودان بە ئەجێندایەکی دیاریکراو؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە مەسەلەکە ئەوە نییە ناکۆکییەکە سروشتێکی تائیفەگەری هەبێت لە بنەڕەتدا، بەڵکو لایەنەکان هەڵساون بە کەڵك وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەم پرسی تائیفەگەرییە بۆ بەرژەوەندی خۆیان. بۆیە پێموایە چارەسەرەکە ئەوەیە وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەست بدەنە پرۆسەیەکی بنیادنانی دەوڵەت کە تێیدا ئایین ببێتە بابەتێکی تاکەکەسی و شەخسی نەك پرسێکی گشتی.

**باشترین رێگاچارە ئەوەیە ئێران و وڵاتانی کەنداو دەست هەڵگرن لە پشتیوانیکردنی گروپە وەکیلەکانیان لەسووریا و هاوکاربن لەهێنانەئارای سازشێکی سیاسیدا، ئەمەش مەرجی پێشوەختە بۆ بەدیهێنانی ئاشتییەکی درێژخایەن**

**گومانێکی زۆر هەیە لەسەر ئەو دەستڕۆیشتووییەی ئێران هەیەتی، بەڵام لەهەمان کاتدا رۆڵی وڵاتانی کەنداویش لە سووریا ئیجابی نییە**




**ئیکارت وۆرتز توێژەرە لەسەنتەری بەرشەلۆنە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، پێشتر بەڕێوەبەری دیراساتی ئابووری بووە لە سەنتەری توێژینەوەی کەنداو لە دوبەی. بۆ شرۆڤەکردنی پەرەسەندنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تیشکخستنەسەر داڕووخانی دەسەڵاتی دەوڵەت و کاریگەرییەکانی لەم ناوچەیەدا گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** چۆن لە رۆڵی ئێران دەڕوانیت لەم ناوچەیەدا، پێتوایە ئێران لە ناسەقامگیرکردنی وڵاتانی دەوروبەریدا رۆڵی هەبێت؟**

- ئەوە راستە کە ئێران هەوڵیداوە دەستڕۆیشتوویی بەدەست بهێنێت و بەدەستیشی هێناوە و لەم رووەوە بێتاوان نییە، بەڵام ئایا ئێران لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە زیاتر یان کەمتر شەڕانگێزتر بووە؟ ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە ئێران پشتیوانی رژێمەکەی ئەسەد دەکات، لەبەر ئەوە راستە کە گومانێکی زۆر هەیە لەسەر ئەو دەستڕۆیشتوویەی ئێران هەیەتی، بەڵام لەهەمان کاتدا رۆڵی وڵاتانی کەنداویش لە سووریا ئیجابی نییە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە بۆ سنووردارکردنی ئەو رۆڵ و کاریگەرییە سلبییەی ئێران و وڵاتانی دیکە کە ئاماژەت پێکردن، پێویستە چی بکرێت؟**

- باشترین رێگاچارە ئەوەیە ئێران و وڵاتانی کەنداو دەست هەڵگرن لەپشتیوانیکردنی گروپە وەکیلەکانیان لەسووریا و هاوکاربن لەهێنانە ئارای سازشێکی سیاسیدا، ئەمەش مەرجی پێشوەختە بۆ بەدیهێنانی ئاشتییەکی درێژخایەن.

*** هەندێ لە توێژەران باسیان لەوە کردووە کە پێویستە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ لەنێوان کۆمەڵگەو دەوڵەتدا ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی سەقامگیری و ئاسایش بۆ ئەم وڵاتانە بگەڕێتەوە، لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- لە راستیدا دەبێت دەرفەتی بەشداری زیاتر لەسەر ئاستی مەحەلی برەخسێندرێت و سنوورێك بۆ رۆڵی سوپا و هەواڵگری لەم وڵاتانەدا دابنرێت.

*** ئێمە دەبینین لەناوچەکەدا چەندین وڵات هەن کە کۆنترۆڵیان بەسەر بەشێکی گەورەی خاکی وڵاتەکەیان لە دەستداوە، پێتوایە بۆ بەرگرتن بەداڕووخانی زیاتری ئەم وڵاتانە پێویست بەوە بکات سەر لەنوێ بنیاد بنرێنەوە؟**

- ئەمە پرۆسەیەکی قورسەو رەنگە باشترین چارەسەرێك لەم رووەوە بنیادنانی دەوڵەت بێت لەسەر بنەما ئەوەی ئایین پەیوەست بێت بە ژیانی تاکەکەسییەوە، نەك بە بواری گشتی.

*** ئایا پێشبینی ئەوە دەکەن ئەم وڵاتانە لەئایندەدا بەیەکگرتوویی بمێننەوە؟**

- زەحمەتە بتوانین پێشبینی بکەین، بەڵام لەهەندێ حاڵەتدا ئێمە دۆخێکی درێژخایەنی دابەشبوونی ئەمری واقیع دەبینین، هاوشان بە بوونی قەوارەی نیمچەسەربەخۆ، بە چەشنی ئەوەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە هەرێمی کوردستان کرد، ئایا چ تێڕوانین و بۆچوونێکتان لەسەر ئەم هەرێمە لا دروست بووە؟**

- ئەم هەرێمە توانیویەتی خۆی بەدوور بگرێت لە هەندێ لەو کێشانەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا هەن و توانیویانە بەرگری لەخۆیان بکەن لەبەرامبەر داعشدا.

*** چ لێکچوونێك، یان جیاوازییەك لەنێوان هەوڵی کەتەلۆنیا و هەرێمی کوردستان بۆ جیابوونەوە هەیە؟**

- لە راستیدا بە پێی دەستووری ئیسپانیا کەتەلۆنیا ناتوانێت جیاببێتەوە، هەروەها جیاوازی پێوەندی کەتەلۆنیا بە ئیسپانیا بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان بەعێراقەوە ئەوەیە کە لەنێوان کەتەلۆنیاو ئیسپانیادا مێژوویەکی خوێناوی نییە، بەڵام لەنێوان کوردستان و عێراقدا مێژوویەکی خوێناوی بوونی هەیە.

**چارەسەرەکە ئەوەیە وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەست بدەنە پرۆسەیەکی بنیادنانی دەوڵەت کە تێیدا ئایین ببێتە بابەتێکی تاکەکەسی و شەخسی نەک پرسێکی گشتی**

**مەسەلەکە ئەوە نییە ناکۆکییەکە سروشتێکی تائیفەگەری هەبێت لە بنەڕەتدا، بەڵکو لایەنەکان هەڵساون بە کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەم پرسی تائیفەگەرییە بۆ بەرژەوەندی خۆیان**

# یاسای حەشدی شەعبی چۆن و بۆچی واژۆکرا؟



د.عەرەفات کەرەم ستونی*
■
بۆ گوڵان نووسیویەتی

یاسای حەشدی شەعبی بە یەکەم یاسا دەژمێردرێت کە بووە مایەی نیگەرانی و کێشمەکێشی دەنگدان و زۆر بە پەلە لەم خولەی پەرلەمان بە زۆرینەی پەرلەمانتارانی هاوپەیمانیی نیشتمانی و بێ ئەوەی رەچاوی فراکسیۆنەکانی دیکە بکرێ، (بەتایبەتی فراکسیۆنی سوننە) دەنگی لەسەر درا، بەشێوەیەك کە پەرلەمانتارانی هاوپەیمانیی نیشتمانی هەڕەشەیان لە سوننە دەکرد، ئەگەر نەگەنە کۆتائەنجام دەربارەی ئەم یاسایە، ئەوا بە زۆرینە دەنگی پێ دەدرێت. هەرچەندە مەهدی عەللاق ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی وەزیران بە وەکالەت نووسراوێکی بۆ فەرمانگەی راگەیاندنی پەرلەمان ناردبوو بۆ چاوپێخشاندنەوەی، کاتێ حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانیش دەرکی بەوەکرد کە فراکسیۆنە سوننییەکان لە دانیشتنەکە کشانەوە، چونکە ئەم کشانەوەیە لە بەرژەوەندیی پرۆسەی سیاسی و حکومەتدا نییە، بەڵام هاوپەیمانیی نیشتمانی و سوننەی مالیکی و هەندێ کوردی لایەنگریی مالیکی سووربوون لەسەر دەنگپێدان، تا کار گەیشتە ئەوەی هەندێ لە پەرلەمانتارانی هاوپەیمانیی لێدوانی توندیان دەداو تۆمەتی مەترسیدارییان دەبەخشییەوە.

دیارە هۆی ئەم پەلەکردنەی دەرکردنی یاساکە بۆ فشاری ئیقلیمی دەگەڕێتەوە، چونکە حەشدی شەعبی هێزێکی سەربازیی ئایدیۆلۆژییەو بە پێی فتوایەکی ئایینی و مەزهەبیی عەلی سیستانی بۆ دۆخێکی فریاگوزاریی دژ بە داعش دامەزرا، دوای ئازادی دەبێ ئەم پێکهاتەیە هەڵوەشێتەوەو تاکەکانی سەرپشك دەکرێن یان بێنە نێو سوپای عێراقەوە یانیش بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان و هەموو دەستکەوت و مافەکانیشیان پێدەدرێت. بە هەمان شێوەش بۆ شەهیدەکانیان، چونکە

قوربانیی زۆری داوە، شرۆڤەکارانیش پێیان وایە کە ئەم حەشدە کاتییە و دوای ئازادکردنی موسڵ رەنگە ببێتە گورزێکی بەهێز بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێران، دیارە فراکسیۆنە سوننەکانیش لەسەر ئەم یاسایە رێکنەکەوتوون، چونکە دەرکردنی دژی سوننەیە، لەبەرئەوەی رۆڵی دامەزراوە سەربازییە نیشتمانییەکان پەراوێزدەخرێت، هەروەها حەشدی شەعبی حەشدێکی ئایدیۆلۆژییە، هەوڵیاندا مۆرکێکی نیشتمانی پێبدەن، بەتایبەتیش هەندێ پۆستی لابەلایان بە چەند کەسێکی سوننە دا، ئەوانەی بەوە ناسراون کە وەلایان بۆ هاوپەیمانیی نیشتمانی هەیە، هەرچەندە ژمارەی ئەوانە دیار نییە، چونکە زۆربەشیان بندیوارن، کە سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی دەبێ هەتا کۆتایی هەر شیعە بێت، جێگرەکەشی سوننەی لایەنگری ئەوان بێت، ناوی زۆر بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی دەستەکە پێشنیارکرا لەوانە یەزن کوڕی مەشعان جبوری، هەروەها رێژەیەکیان دایە پێکهاتەکانی دیکە بەڵام زۆر کەم بوو، تەنیا بۆ ئەوەی شەرعییەتی نیشتمانی بەباڵا ببەخشن، هەروەها هەوڵگەلی دیکە لە ئارادایە کە رێژەیەك بدەنە کورد، لەراستیدا ئەو کوردانەی رازین بێنە نێو حەشدی شەعبییەوە لە جیاتی ئەوەی بێنە نێو پێشمەرگەوە، ئەوانە یان هەلپەرستن و بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان لەسەر حیسابی نەتەوەو نیشتمانییەکەیان لا گەرەکە، یاخود ئەوانەن کە مەزهەبیان لە نەتەوە لا پەسندترە، کە ناشێن ببنە پێشمەرگە، چونکە پێشمەرگە هێزێکی نیشتمانییە نەك ئایدیۆلۆژی، جێگەی مرۆڤی تایفیی تێدا نابێتەوە، بۆیە دەبینین هێزی پێشمەرگە هەر بەدرێژایی مێژوو چەندین تایفەو نەتەوە و ئایینی تێدابووە، ناسنامەی پێشمەرگە بریتییە لە بەرگریکردن لە کوردستان دژی ئەوانەی شەڕی پێدەفرۆشن، دیارترین نموونەش شەڕی پێشمەرگەیە دژی تیرۆریستانی داعش.

هۆیەکی دیکەش کە وای لە سوننە کرد دەنگ بەو یاسایە نەدەن ئەوەیە کە هاوپەیمانیی نیشتمانی پرۆژەی یاسای پاسەوانی نیشتمانی رەتکردەوە کە سوننە دەیانەویست بە زۆری دەری بکەن، لەگەڵ ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیرانیش رەزامەندی لەسەر دابوو، هەروەها ئەمریکاو دەوڵەتانی کەنداو بەتایبەتیش سعودیە پشتگیرییان کردبوو، پاساوی هاوپەیمانیی نیشتمانی ئەوە بوو کە ئەم یاسایە وڵات هەڵدەوەشێنێتەوە، هەرچەندە یاسای حەشدی شەعبی بە تەواوی وڵاتی لەبەریەك هەڵوەشاند نەك یاسای پاسەوانی نیشتمانی، چونکە ئەوەی دوایی هێزێکی نیشتمانیی لۆکالییە و بەرگری لە خاکی عێراق دەکات، لەکاتێکدا حەشدی شەعبی هێزێکی سەربازیی ئایدیۆلۆژیی سنووربڕە، بە بەڵگەی ئەوەی کە هەندێ سەرانی حەشدی شەعبی بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە کە دوای ئازادکردنی موسڵ روو لە سووریا دەکەن، رەنگە بچنە یەمەن و لوبنان و بەحرەین و ناوچەی رۆژهەڵاتی سعودیە، تەنانەت بۆ چەند ناوچەیەکی کوردستانیش کە رێژەیەکی زۆری شیعەی لێ بێت، هەروەها هەندێ پێکهاتەی چەکداریی شیعەی عێراقی هەن لە سووریا لەپاڵ بەشار ئەسەد شەڕدەکەن، بەر لەچەند رۆژێکیش شاندێکی ئاستبەرزی سووریا سەردانی بەغدای کردووە بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەرانی حەشدی شەعبی و بە ئامادەبوونی ئێران تاکو بەشداریی لە سووریادا بکەن، بۆیە دەبینین نوری مالیکی لە وتارەکەیدا لە کۆنگرەی سەحوەی ئیسلامی لە بەغدا گوتی: پرۆسەی (هاتووین ئەی نەینەوا) بە لایەکی دیکە مانای وایە هاتووین ئەی رەقە، ئەی حەلەب، ئەی یەمەن، هاتووین بۆ هەموو ئەو ناوچانەی کە موسڵمانان شەڕی تێدا دەکەن دژی هەڵگەڕاوان لە فیکری ئیسلامی، شاردراوەش نییە کە مەبەستی ئەو لەو ئیسلامە ئیسلامی شیعەیە، بۆیە هەر یەك لە سەرۆکی فراکسیۆنی موتەحیدون بە سەرۆکایەتیی نجێفی و سەرۆکی پرۆژەی عەرەبی خەمیس خەنجەر داوایان لە حکومەتی عێراق کرد میلیشیا شیعییە عێراقییەکان لە سووریا بکێشێتەوە کە بەرگریی لە بەشار ئەسەد دەکەن.

رەنگە ترسی سوننە و ئەوەی کە دەنگی بەم یاسایە نەدا لە بەر هەژموونی ئێرانەوە بێت لەنێو حەشدی شەعبیدا، هەر ئەوەندە نا، بەڵکو لەمیانی لێدوانەکانی هەندێ لە سەرکردەکانی حەشدەوەش بێت، چونکە بە فەرمانی رابەری باڵا عەلی خامنەیی دەجووڵێنەوە، هەندێکیان لێدوانی ئەوەیان دابوو کە دژی عێراق شەڕدەکەن ئەگەر شەڕ کەوتە نێوان عێراق و ئێران، چونکە بە فەرمانی ئەو ئیمامە رەفتاردەکەن، بۆیە دەبینین هەندێکیان لە سەردەمی شەڕی عێراق و ئێراندا دژی عێراق دەجەنگین، لەبەرئەوە شرۆڤەکارن وای دەبینن کە حەشدی

**هاوپەیمانیی نیشتمانی و سوننەی مالیکی و هەندێ کوردی لایەنگری مالیکی سووربوون لەسەر دەنگپێدان، تا کار گەیشتە ئەوەی هەندێ لە پەرلەمانتارانی هاوپەیمانیی لێدوانی توندیان دەداو تۆمەتی مەترسیداریان دەبەخشییەوە**

**حەشدی شەعبی هێزێکی سەربازیی ئایدیۆلۆژییەو بە پێی فتوایەکی ئایینی و مەزهەبیی بۆ دۆخێکی فریاگوزاریی دژ بە داعش دامەزرا، دوای ئازادی دەبێ ئەم پێکهاتەیە هەڵوەشێتەوەو تاکەکانی سەرپشک دەکرێن، یان بێنە نێو سوپای عێراقەوە، یانیش بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان**

**ئەو کوردانەی رازین بێنە نێو حەشدی شەعبییەوە لەجیاتی ئەوەی بێنە نێو پێشمەرگەوە، ئەوانە یان هەلپەرستن و بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان لەسەر حیسابی نەتەوەو نیشتمانەکەیان لا گەرەکە، یاخود ئەوانەن کە مەزهەبیان لە نەتەوە لا پەسندترە**

شەعبی پلانێکی ئێرانە و ژەنەراڵ موحسین رەفیقدۆست فەرماندەی پێشووی پاسدارانی ئێران رایگەیاندووە، ئەو پشتیوانیی وڵاتەکەی دەربڕی لە پڕچەککردن ومەشقکردن و گواستنەوەی شارەزایی بۆ ئەو حەشدە، جا بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییە مێژوویە بەهێزە و ئایدیۆلۆژییە پتەوە تێبگەین، لێدوانەکانی حامد جەزائیری یەکێك لە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی دەخوێنینەوە کە ئاژانسی میزانی ئێرانی لە دیدارێکدا لەگەڵی سازدابوو، ئەو بە راشکاوی دەڵێت: حەشدی شەعبیی عێراقی لە باوەشی ئێران پێگەیشت و پەروەردەبووە، زۆرینەی سەرکردەکانیشی ئەو عێراقییانەن کە لەپاڵ پاسدارانی ئێران بەشداری شەڕی عێراق- ئێرانیان دژی سەدام حوسێن کردبوو، هەروەها دەڵێت: ئێمە لە حەشدی شەعبی پێمانوایە کە سەر بە یەك نەتەوەین، ئەویش نەتەوەی ویلایەتی فەقیهە و هیچ جیاوازی نییە لەنێوان شەڕکردن لە سووریا یان عێراق یان ئێران، بۆیە هێزەکانمان هێزێکی شیعیەی فرەڕەگەزە لە لوبنان و ئەفغانستان و عێراق و ئێران و پاکستان و ئەوانی دیکە کە لە ریز هێزە شیعییەکاندان ئەوانەی لە عێراق و سووریا شەڕدەکەن، دواتر باس لە بوونی قاسم سلێمانیی دەکات لە عێراق و دەڵێت: ئێمە پێمانوایە ئەو پیاوە کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکو بە نوێنەری نەتەوەی ئیسلامی لەقەڵەم دەدەین، کە نەتەوەی ویلایەتی فەقیهە، بۆیە حەیدەر عەبادی هەموو دۆسێیە سەربازی و ئەمنییەکانی رادەستی قاسم سلێمانیی کردووە و پێگەی ئەویش لە حوکمڕانیی عێراقدا شانبەشانی پێگەی عەبادییە. من پێموایە ئەم یاسایە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی مەترسیداری بۆسەر ئایندەی سیاسیی عێراق لێدەکەوێتەوە، مەترسییە گەورەکەش بۆسەر هەرێمی کوردستان دەبێت، چونکە چەند فراکسیۆنێکی کوردستانی هەن پشتیوانییان لە دەرکردنی ئەم یاسایە کرد و دەنگیان بۆ دا، تاکو دەستکەوتی سیاسیی و مەرامی تەسکی حزبایەتی لەسەر حیسابی نیشتمان بەدەست بێنن، بەتایبەتیش لەشاری کەرکوك، کاتێ ئەم فراکسیۆنانە بەتایبەتیش هەردوو فراکسیۆنی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جگە لە ناوەندی بڕیار، کە ئەوانە پابەندن بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ مالیکیدا، دیارە مالیکیش بەهێزترین پشتیوانیکاری ئەم یاسایەیە، بەڵکو پێیوایە کە ئەو خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی حەشدی شەعبییە، بەڵێ رەنگە خەونی بە دامەزراندنی هێزێکی ئایدیۆلۆجی وەك ئەمە دەبینی، تەنانەت سیستانیش ئەم فتوایە بەهێزەی داوە، دواتر سیاسەتمەدارەکانی شیعە گۆڕیان بۆ حاڵەتێکی هەمیشەیی، دوای ئەوەی لە پەرلەمانی عێراق دەنگیان پێدا، کەواتە یەکێك لەو هۆیانەی کە وای لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان کرد دەنگ بە یاسای حەشدی شەعبی بدەن پابەندبوونیان بوو بە هاوپەیمانێتیی لەگەڵ مالیکی، هۆیەکی دیکە کە گرنگە، هەوڵی ئەو فراکسیۆنانە بوو کە پشت بە حەشدی شەعبی ببەستن دژی پارتی دیموکراتی کوردستان، تاکو نەوتی کەرکوك لەسەر سینییەکی ئاڵتوون رادەستی بەغدا بکەن، هەموو ئەمانە لەپێناو شکستپێهێنانی فەلسەفەی سەربەخۆیی نەوتی کوردستان، هەروەها تاکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ملکەچی بەغدا بێت، بێگومان حکومەتی کوردستان قوربانییەکی بێ شوماری داوە لەپێناو سەرخستن و بەردەوامبوونی سەربەخۆیی نەوت، هەرگیز ملکەچی بەغدا نابێت هەتا ئەگەر باجی لەناوچوون و کۆتاییشی بدات، بەداخەوە ئەم هەڵوێستانەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان خزمەت بە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان ناکەن، با لای ئەو فراکسیۆنەش دیار بێت کە حەشدی شەعبی هێزێکی سەربازیی ئایدیۆلۆژییە، پێوانەی بنەڕەتی ئەو حەشدە ئەوەیە: ئەگەر لەگەڵم نەبیت کەواتە تۆ دژی منیت، بۆیە ناتوانرێت متمانە بە هێزی ئایدیۆلۆژی بکرێت، بەڵام لە هیچ سیاسەتمەدارێکم ناوێت کە دەنگی بەم یاسایە داوە باس لە دەوڵەتی مەدەنی و چارەسەری یەکلاکەرەوەی مێژوویی و سازانی سیاسی بکات، هەروەها باسی چاودێریکردنی مافی کەمایەتی و پێکهاتەکان و دەوڵەتی هاووڵاتی و سەروەریی عێراق و رەتکردنەوەی دەستتێوەردانی دەرەکی و بابەتی لەم شێوانە بکات، چونکە ئەم یاسایە کۆتایی بە هەموو ئەوانە هێناوە. سەیر لەوەدایە ئەوانەی ئەم یاسایەیان نووسیوە پشتیان بە مادده دەستوورییەکان بەستووە، چونکە دەڵێن یاسای حەشدی شەعبی زەمانەتی ماددەی نۆیەمی دەستووری عێراق دەکات، با بگەڕێینەوە بۆ ئەم ماددەیە، با بزانین چی دەڵێت؟ ماددەکە دەڵێت:

یەکەم:-أ- هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگا ئەمنییەکان لە پێکهاتەکانی عێراق پێکدێن، بە

**رەنگە ترسی سوننەو ئەوەی کە دەنگی بەم یاسایە نەدا لەبەر هەژموونی ئێرانەوە بێت لەنێو حەشدی شەعبیدا، هەر ئەوەندە نا، بەڵکو لەمیانی لێدوانەکانی هەندێ لە سەرکردەکانی حەشدەوەش بێت، چونکە بە فەرمانی رابەری باڵا عەلی خامنەیی دەجووڵێنەوە**

**شرۆڤەکارن وای دەبینن کە حەشدی شەعبی پلانێکی ئێرانە و ژەنەراڵ موحسین رەفیقدۆست فەرماندەی پێشووی پاسدارانی ئێران رایگەیاندووە، ئەو پشتیوانیی وڵاتەکەی دەربڕی لە پڕچەککردن ومەشقکردن و گواستنەوەی شارەزایی بۆ ئەو حەشدە**

شێوەیەك ڕەچاوی هاوسەنگی و نوێنەرایەتیکردنیان دەکرێت بێ جیاوازی و پەراوێزخستن، لەژێر سەرکردایەتیی دەسەڵاتی مەدەنیشدا دەبن، داکۆکی لە عێراق دەکەن، نابنە ئامرازی سەرکوتکردنی گەلی عێراق، دەست لە کاروباری سیاسی وەرنادەن، ڕۆڵیان لە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا نابێت.

دەمەوێ لێرەدا جیاوازییەکانی نێوان ئەم یاسایەو ئەم مادده دەستوورییەدا ڕوونبکەمەوە، یەکەم:هیچ هاوسەنگییەك لە حەشدی شەعبیدا نییە، جیاوازییەکی ئاشکرا و پەراوێزخستنێکی دیار هەیە، ئەمە لە کاتی دەنگداندا بەدەرکەوت، کاتێ هاوپەیمانیی نیشتمانی بێ ڕەچاوکردنی گلەیی و ڕەخنەکانی فراکسیۆنەکانی دیکە دەنگیان دا، ئەوەی پەیوەستیشە بە هاوسەنگی، ئەوا هیچ هاوسەنگییەك نییە، بەڵکو جیاوازیی تەواو هەیە لەنێوان ڕێژەی دابەشکراوی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، دووەم: ناکەوێتە ژێر فەرمانی هیچ دەسەڵاتێکی مەدەنییەوە، بەڵکو لەژێر فەرمانی ئەو پێکهاتانەیە کە ئەو ناوەیان لێیە، دواتر حەشدی شەعبی بەپێی ئەم یاسایە لەژێر فەرمانی سەرۆك وەزیراندایە، کە ئەمە ڕاست نییە، چونکە سەرۆك وەزیران هیچ بەهایەکی نییە، ئایا هیچ کەسێك پێی وایە کە سەرکردەکانی ئەم پێکهاتانە پابەندی فەرمانی سەرۆك وەزیران دەبن، دیارە کە سەرکردەکانی حەشد لە سەرۆك وەزیران زیاتر خاوەنی هێزو تواناو دەسەڵات و هەژموونن، ئەم بڕگەیەش لەبەر ئەوە نووسراوە تاکو لەکاتی دەنگداندا کەس گلەیی نەبێت، هەروەها بەرگری لە عێراق ناکات، بەڵکو بەرگری لە تایفەیەکیی دیاریکراو دەکات، سێیەم: پێکهاتەکانی حەشد ئامرازی سەرکوتکردنی گەلی عێراق بوونە، کاتێ چەندین تاوانیان لە ناوچە سوننەنشینەکان و بەتایبەتی لە دیالە و فەلوجە ئەنجامداوە، چوارەم: ئەو پێکهاتانە دەستیان لە سیاسەت وەرداوەو بەردەوامیشن لەم کارە، بەڵگەش ئەوەیە هەندێ لەوانە ڕایدەگەیەنن کە پێیان باشە داعش کۆنترۆڵی هەندێ ناوچە بکات لەجیاتی پێشمەرگە، دەبینین کە پێکهاتەکەی عەسائیب ئەهلی حەق بە سەرۆکایەتی قەیس خەزعەلی کاتێ پێشمەرگە شارۆچکەی شنگالیان ڕزگارکرد، بەئاشکرا گوتی: شاری شنگال کەوتە ژێر دەستی داگیرکارێك کە لە داعش بەهێزترە و هەر لەو داگیرکارە ڕزگاری دەکەینەوە، ئەم جۆرە قسانە دەستتێوەردانە لە سیاسەت، بۆیە وەڵامی سەرۆك بارزانی توندبوو کاتێ گوتی: ڕزگارکردنی شنگال بە شارۆچکەی بەعاجدا تێدەپەڕێت، بۆیە پشتبەستنی ئەوانە بەم مادده دەستوورییە هیچ مانایەکی نییە، ئەگەر هەر باسیان نەکردبایە زۆر باشتر بوو.

دوای ئەوەی دەنگ لەسەر یاسایەکە درا، موقتەدا سەدر تێبینی کرد کە زۆربەی فراکسیۆنەکانی غەیرەشیعی تووڕەن، بۆیە نووسراوێکی پێشکەشکرد چەندین مەرجی قورسی تێدا دەستنیشان کرد بۆ ئەوانەی دەیانەوێت ببنە حەشدی شەعبی، بەکورتی ئەمانەن: یەکەم جار دابەشی چەند بەشێکی کرد، یەکەم: مەرجەکانی پەیوەندی پێوەکردن، دواتر مەرجەکانی پێکهێنان، ئینجا میکانیزمی گۆڕین و پەیوەندیکردن یان تێکەڵکردن، دواتر تێبینییە گشتییەکانی نووسی، ئامانج لەو نووسراوەش ئەوە بوو تاکو وێنەیەکی شارستانی ببەخشێتە تاقمەکەی خۆی، ئەو حەشدێکی نیشتمانی دەوێت نەك مەزهەبی، دووەم: وەستان دژی ئەو لایەنانە تاکو تاکەکانیان نەچنە نێو حەشدەکەوە چونکە تاوانیان ئەنجامداوە و وەلایان تەنیا بۆ نیشتمان بێت.

دوای ئەوەی دەنگ لەسەر یاسایەکە درا، موقتەدا سەدر تێبینی کرد کە زۆربەی فراکسیۆنەکانی غەیرەشیعی تووڕەن، بۆیە نووسراوێکی پێشکەشکرد چەندین مەرجی قورسی تێدا دەستنیشان کرد بۆ ئەوانەی دەیانەوێت ببنە حەشدی شەعبی

هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعی هەڵەیەکی مێژوویی کرد کاتێ ئەم یاسایەی دەرکرد، هەڵەیەکی دیکەشی کرد کاتێ دەنگی پێدا و گوێی بە گلەیی و نارەزایی لایەنەکانی دیکە نەدا، لەوەش خراپتر هەڵەیەکی زۆر زەقی کرد دەرحەق کوردستان کاتێ بوودجەی تەواوی بۆ حەشدی شەعبی دیاریکرد کە تازە دامەزراوە و ژمارەکەشی دەستنیشان کرد، بەڵام هێزی پێشمەرگەی پەراوێزخست کە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند، پێشمەرگە هێزێکی سەربازیی مێژووییەو مایەی شانازییە بۆ هەموو جیهان، بۆیە با جارێکی دیکە هاوپەیمانیی نیشتمانی باسی چارەسەری یەکلاکردنەوە و هاووڵاتیبوونی ڕاستەقینەو مافی پێکهاتەکان و پێکەوەژیانی ئاشتییانەو لێبووردن و جێبەجێکردنی یاساو برایەتیی ئیسلامی و یەکێتیی نیشتمانی نەکات، پێموایە ئەم زاراوانە لە بنەڕەتدا کۆتاییان هاتووە.

هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعی هەڵەیەکی مێژوویی کرد کاتێ ئەم یاسایەی دەرکرد، لەوەش خراپتر هەڵەیەکی زۆر زەقی کرد دەرحەق کوردستان کاتێ بوودجەی تەواوی بۆ حەشدی شەعبی دیاریکرد، بەڵام هێزی پێشمەرگەی پەراوێزخست کە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند

---

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**